تەفسیری سوورەتی

التغابن

تەفسیری سوورەتی

التغابن



نووسینی: مامۆستا کرێکار

بڵاوکردنەوەی: زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

چاپی: یەکەم

ساڵی: ١٤٤٦ک - ٢٠٢٥ز

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی

ماڵپەری زادی
www.zadyreman.com

تێلێگرامی زادی
https://t.me/zankoyzady

ماڵپەڕی مامۆستا کرێکار
https://www.krekar.co

تێلێگرامی مامۆستا کرێکار
https://t.me/krekar_co

تەفسیری سوورەتی

التغابن

نووسینی:

مامۆستا کرێکار

چاپی یەکەم

١٤٤٦ک - ٢٠٢٥ز



زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِنَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِالله مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أَعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ الله فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء: ١

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

پێناسەی سوڕەتەکە:

قورئانەوانان و ئەهلی تەفسیر لەسەر ئەوە کۆن کە (التغائن) ناوی تەنهای ئەم سـوڕەتەیە و سوڕەتەکە ناوی تری نییە، تەغابون کە مانایەکە لە ماناکـانی ڕۆژی دوایـی؛ وشـەیەکی ئـایەتی نۆیەمی ئەم سوڕەتەیە و لە شوێنی تری قورئاندا دووبارە نەبۆتەوە.

سـوڕەتی تەغـابون کە هەژدە ئـایەتە مەدەنیـیە (لە مەدیـنە هـاتۆتە خـوارەوە)، هەرچەنـدە زەححاک دەفەرمووێت مەککییە، بەڵام بەڵگەی بەهێزتری لە بەڵگەی جمهوری موفەسـیران لا نییە، (والله أعلم).

ئەم سـوڕەتە لە ڕیزبەنـدیی نـاوی سـوڕەتەکاندا لە قورئانـدا شەسـت و چـوارەمینە و، لە ڕیزبەندیی هاتنەخوارەوەیـدا سـەد و حەوتەمیـنە، دوای سـوڕەتی (الجمعـة) و پـێش سـوڕەتی (الصف) هاتۆتە خوارەوە.

مەبەستەکانی ئەم سوڕەتە:

١- بیرخسـتنەوەی ئەوە کە ئاسمـانەکان و زەوی و هەرچـی تێیانـدایە زیکـر و تەسـبیحاتی خـوای گەورە دەکەن و ئیعتیـراف بە پـاک و تەواوێتـی و دوور لە خەوش و نوقسـانی و بـێ وێنەیی دەکەن.

٢- خوای گەورە خاوەن و دەسەڵاتداری بێ سنوورە و خاوەن توانای بـێ وێـنەیە، شـایانی هەموو پەرستنێکە، کردگار و ڕۆزیدەر و هەڵسوڕێنەری گەردوون و کاروباری مەخلوقەکانێتی، بۆیە هەقە هەموو سوپاس و ستایشی بکەن؛ چ جـای یـاخیبوون و وەرنەگرتنـی پەیـامەکەی لە کۆتا نێرراوی (عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ).

٣- هەڕەشـــەکردن لە یـــاخێبووان و لادەران کە دەشـــێت چارەنووســـی ئێـــوەش وەکـــوو چارەنووسی ئەو قەومانە بێت کە پێغەمبەرەکانی خۆیانیان بەدرۆ دەخسـتەوە و لە لـووتبەرزیی خۆیانەوە قبووڵیان نەبوو ببنە شوێنکەوتووی پێغەمبەرانیان.

٤- سەلماندن و چەسپاندنی ئەو حەقیقەتە عەقائیـدییە کە خـوای گەورە ئاگـاداری هەمـوو

دیار و نادیارێکه و هیچ شتێکی پەنهانی لا شاراوه نیـیه و هەرچـی ڕوودەدات بەپێـی قەدەری ئەوه، واتا له ویست و زانست و توانای ئەوەوه دێت.

٥- سەلماندن وچەسپاندنی هاتنی رۆژی قیامەت وبەپەرچدانەوەی ئەوه کافرانەی باوەڕیـان پێی نیه روون کردنەوەی ئەوەی کەهاتنی مەحاڵ نیه بۆیه دەبێ کافرەکان خۆ بۆسزای ئەورۆژه ئامادەبکەن یان باوەڕبهێنن.

٦- ســـەبردان به موســـڵمانان و داوای خـــۆگریی زیـــاتر لێیـــان بەرامـــبەر ئەو هەمـــوو ژان و ناسۆر و کارەساتانەی له کافرانەوه دێته سەریان، با پشت به خوای خۆیان قائم بـکەن و دڵنیاش بن که خوای گەوره وەلیان ناکات.

٧- هۆشدان به موسڵمانان که وریابن خزمی نزیکی خۆتان له خشـتەتان نەبەن و تووشـی له ڕێ لادانتان بکەن، یان بزاوت و هەڵوێستتان پێ شل بکەن یان بگـۆڕن، چـونکه هەیـانه ڕۆڵـی دوژمنی سەخت له پەناتاندا دەبینێت که بەردەوام داوای شلگیری دەکات و ڕێ له هیجـرەت و جیهادتان دەگرێت.

٨- داوای سامان بەخشـین کـردن له موسـڵمانان هەرچەنـده هەژار و دەسـکورتیش بـوون، بەتایبەتی موهاجیرەکان که کافرەکانی قورەیش مـاڵ و سـامانیانیان موسـادەره کردبـوو.. بەڵام بەگشتی داوا له موسڵمانان دەکات که سەخی بن و ببەخشـن، چـونکه به بەخشـین پارسـەنگی دەروونی و بژێویی تاک و پارسەنگی پەیوەندییه کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆیان ڕادەگرن.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِۖ لَهُ ٱلْمُلْكُ وَلَهُ ٱلْحَمْدُۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٖ قَدِيرٌ ١ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمْ
فَمِنكُمْ كَافِرٞ وَمِنكُم مُّؤْمِنٞۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ٢ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ
صُوَرَكُمْۖ وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ٣ يَعْلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَۚ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِذَاتِ
ٱلصُّدُورِ ٤ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُاْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبْلُ فَذَاقُواْ وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٥ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُۥ كَانَت
تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَقَالُوٓاْ أَبَشَرٞ يَهْدُونَنَا فَكَفَرُواْ وَتَوَلَّواْۖ وَّٱسْتَغْنَى ٱللَّهُۚ وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٞ ٦ زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ
أَن لَّن يُبْعَثُواْۚ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٧ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ
وَٱلنُّورِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلْنَاۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٞ ٨ يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ ٱلْجَمْعِۖ ذَٰلِكَ يَوْمُ ٱلتَّغَابُنِۗ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعْمَلْ
صَٰلِحٗا يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُدْخِلْهُ جَنَّٰتٖ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ
ٱلْعَظِيمُ ٩ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ
١٠ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِۗ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٞ ١١
وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَۚ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ١٢ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا
هُوَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ١٣ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ
وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوّٗا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْۚ وَإِن تَعْفُواْ وَتَصْفَحُواْ وَتَغْفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ
١٤ إِنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ فِتْنَةٞۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٞ ١٥ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ
وَٱسْمَعُواْ وَأَطِيعُواْ وَأَنفِقُواْ خَيْرٗا لِّأَنفُسِكُمْۗ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ١٦
إِن تُقْرِضُواْ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنٗا يُضَٰعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْۚ وَٱللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ ١٧ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ
وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ١٨ ﴾ التغابن: ١ - ١٨

ماناى گشتیى سووڕەتەکە:

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ لَهُ ٱلۡمُلۡكُ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ١﴾ التغابن: ١

واتا: «هەرچی لە ئاسمانەکاندایە و هەرچی لە زەمیندایە؛ هەموویان تەسبیحاتی خوای گەورە دەکەن و سوپاسگوزارین، دەسەڵات و سوپاس و ستایشی هەمووی هەر هـی ئەوە و بـۆ ئەوە، خوای گەورە بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە».

﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ فَمِنكُمۡ كَافِرٞ وَمِنكُم مُّؤۡمِنٞۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ٢﴾ التغابن: ٢

واتا: «ئەوە خوای گەورەیە کە ئێوەی خەلق کردووە، جا هەتانە کافرە و هەشتانە موسڵمانە. خوای پەروەردگار بینەری کار و کردەوەکانتانە».

﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ٣﴾ التغابن: ٣

واتا: «خوای گەورە کە ئاسمانەکان و زەویـی خەلـق کـردووە هەقە، لە پێنـاوی سـەلماندن و چەسپاندی حەقیشدا خەلقی کردوون، ئەو حەقەش حەقیقەتە عەقائیدییەکانە لە تەوحیدەوە بۆ پەرستن، بـۆ حـاکمێتیی شـەرع و حەقیقەتـی مـردن و زینـدووبوونەوە نیشـانە حەقیقەتەکـانی قیامەت. خۆ بە هەوانتە و لەخۆڕا دروستی نەکردوون، خوای گەورە کاری هەوانتانە ناکات».

﴿يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَيَعۡلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعۡلِنُونَۚ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ٤﴾ التغابن: ٤

واتا: «خوای گەورە بە بـوون و حـاڵەت و پێداویسـتیی هەر هەمـوو ئەوانە دەزانێـت کە لە ئاسمانەکان و زەویدان، دەشزانێت ئێوە چـی پەنهـان دەکەن و چـی ئاشـکرا دەکەن، هیچـی لا شاراوە نییە، خوای گەورە زانا و شارەزا و ئاگاداری ختوورەی دڵە».

﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُا۟ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ فَذَاقُوا۟ وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ۝٥﴾ التغابن: ٥

واتـا: «چـما هەواڵـی ئەو کەسـانەتان پێنەگەیشـتووە کە پـێش ئەوە دیـد و ڕێ و بـزاوت و هەڵوێسـتی کوفریـان گرتبـووەبەر، کە چارەنووسـیان بە چـی گەیشـت؟ سـەرەنجامی دیـد و هەڵوێستی چەوت و دژواری خۆیان چێشت! لە دنیادا بە زەلیلی سەریان نـایەوە و فەوتـان، لە ڕۆژی دواییشدا بەدڵنیاییەوە سزایەکی زۆر بەژانیان دێتە ڕێ».

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُۥ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَقَالُوٓا۟ أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا فَكَفَرُوا۟ وَتَوَلَّوا۟ ۚ وَّٱسْتَغْنَى ٱللَّهُ ۚ وَٱللَّهُ غَنِىٌّ حَمِيدٌ ۝٦﴾ التغابن:٦

واتا: «ئەو سـزایەش بەو هـۆیەوە بـوو کە بەڕاسـتی پێغەمبەرەکانیـان بە چەنـدین بەڵـگە و موعجیزەی ڕوونەوە بۆ دەهاتن و هەریەکەشیان داوای گەلەکەیانی ئەنجام دەدا، کەچی وتیان: ئایا مرۆڤێک ڕێنماییمان دەکات؟! جا دەرەنجـام کـافر و بـێ بـاوەڕ بـوون و پشـتیان هەڵکـرد لە ئیمان. خوایش بێ نیاز بوو لێیان و وێڵیکردن. خوا خوایەکی بێ نیازە لە هەموو شـتێک، هەر لە زاتی خۆیدا سوپاسکراوە».

﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَن لَّن يُبْعَثُوا۟ ۚ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّى لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ ۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ۝٧﴾ التغابن: ٧

واتـا: «ئەوانەی دیـد و ڕێـی کوفریـان گـرتەبەر لاف و گەزافـی ئەوە لێـدەدەن کە گـوایە هەتاهەتایە زیندوو ناکرێنەوە! بڵێ: بەدی، سوێند بە خوای پەروەردگارم زینـدوو دەکـرێنەوە و پاشان لێپرسینەوەتان لەسەر هەموو ئەو کار و کردەوانەتاندا لەگەڵـدا دەکرێـت کە کردووتـانە، ئەوەش کارێکە بۆ خوای گەورە ئاسانە بیکات».

﴿فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلنُّورِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلْنَا ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ۝٨﴾ التغابن: ٨

واتا: «دەی سا باوەڕ بە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی و ئەو نوورە بهێـنن کە ناردوومـانەتە خوارەوە. خوای گەورە بە هەموو ئەو کارانەی دەیکەن ئاگادارە و وردەکارانە پەی بە هەمووی دەبات و دەیانزانێت».

﴿يَوۡمَ يَجۡمَعُكُمۡ لِيَوۡمِ ٱلۡجَمۡعِۖ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلتَّغَابُنِۗ وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعۡمَلۡ صَٰلِحٗا يُكَفِّرۡ عَنۡهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُدۡخِلۡهُ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ٩﴾ التغابن: ٩

واتا: «ڕۆژێک دێت کە هەمووتان بۆ ڕۆژی کۆبوونەوە (حەشر) کۆ دەکاتەوە. ئەو ڕۆژە کە ڕۆژی زیانلێکەوتنە، هەر کەسێک باوەڕ بهێنێت و کاروکردەوە چاکەکان ئەنجام بدات ئەوە خوای گەورە لە هەموو گوناحەکانی دەبووڕێت و دەیخاتە ئەو بەهەشتەی خۆیەوە کە جۆبار (جۆگە و ڕووبار) بەژێریدا دێت و دەڕوات و هەتا هەتایە بە نەمری تێیدا دەمێننەوە. ئا ئەوەشە سەرفرازیی مەزن و گەورە و بە نرخ».

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ١٠﴾ التغابن: ١٠

واتا: «ئەمما ئەو کەسانەی کە ڕێبازی کوفریان گرتەبەر و ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ خستەوە، ئەوانە ئەهلی ئاگری دۆزەخن و بە نەمری تێیدا دەمێننەوە. ئەوەش بەڕاستی چارەنووسێکی خراپ و دژوارە».

﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ يَهۡدِ قَلۡبَهُۥۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ١١﴾ التغابن: ١١

واتا: «هەر کێشە و ناڕەحەتی و بەڵایەک دێتە ڕێ؛ حەتمەن بەپێی فەرمانی قەدەریانەی خوای گەورەیە کە پێشتر بڕیاری لەسەر داوە، جا هەر کەسێک تەسلیم بە فەرمانی خوای گەورە ببێت، خوای گەورەش دڵقایمتری دەکات و ڕێنمایی دڵنیایی و یەقینی دەکات، خوای گەورە ئاگاداری هەموو شتێکە و شارەزایەتی».

﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ١٢﴾ التغابن: ١٢

واتا: «گوێڕایەڵی فەرمانی خوای گەورە بکەن و گوێڕایەڵی فەرمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بکەن، ئەگەر پشت هەڵکەن و گوێ نەدەنێ؛ ئەوە بەرپرسێتیی خۆتان و دیدو هەڵوێستتان لە ئەستۆی خۆتاندا دەمێنێت، چونکە پێغەمبەرەکەی ئێمە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هەر ڕاگەیاندنی ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاوی دینەکەی لەسەرە».

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١٣﴾ التغابن: ١٣

واتـا: «خـوای پەروەردگـار کە هـیچ خـوایەک نـیـیە سـیفەتێکی ئەوی تێـدابێت و شـایانی خوایەتی بێت، هەر ئەو شایانی پەرسـتنە، دەی سـا ئێـوەش یەکخواپەرسـتی ڕەچـاو بـکەن، بـا موسڵمانان پشت بە خوای گەورە ببەستن».

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ وَأَوۡلَٰدِكُمۡ عَدُوّٗا لَّكُمۡ فَٱحۡذَرُوهُمۡۚ وَإِن تَعۡفُواْ وَتَصۡفَحُواْ وَتَغۡفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٤﴾ التغابن: ١٤

واتا: «ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لە ژن و منداڵەکانتاندا هەیانە دوژمنتانن، هۆشتان لە خۆتان بێت و لێیان بە حەزەر بن، ئەگەر لێبوردن و چاوپۆشـی و لێخۆشـبوون ڕەچـاو بـکەن چاکترە، خوای گەورەش لێخۆشبوو بە بەزەییە».

﴿إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ١٥﴾ التغابن: ١٥

واتا: «سامان و منداڵەکانتان مایەی شـلگیریی دینـداریتانن، بەڵام بـزانن کە خـوای گەورە پاداشتی مەزنی لایە».

﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ وَٱسۡمَعُواْ وَأَطِيعُواْ وَأَنفِقُواْ خَيۡرٗا لِّأَنفُسِكُمۡۗ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٦﴾ التغابن: ١٦

واتا: «ئەوەنـدەی لە تواناتانـدایە خـوای گەورە بپەرسـتن و سەرڕاسـتانە دینـداری بـکەن، گـوێڕایەڵ بـن و ملکەچـی فەرمـانی خـوا و پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بـن، ببەخشـن، بەخشین هەر بۆ خۆتانە و پاداشت مسۆگەر دەکات. هەر کەسێک خۆی لە پیسکەیی و ڕەزیلیی دەروونی خۆی قوتار کردبێت؛ بەڕاستی ئا ئەوانە سەرفرازن».

﴿إِن تُقۡرِضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا يُضَٰعِفۡهُ لَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ ١٧﴾ التغابن: ١٧

واتا: «ئەگەر قەرزێکی باش بە خوای پەروەردگار بدەن بە تەئکید بۆتان چەندین بەرامبەر دەکاتەوە و لێشتان خۆش دەبێت، خوای گەورە زۆر سوپاستان دەکاتەوە لەسەری، واتا پاداشتی زۆرتان دەداتەوە، ئەوەش لە سیفەتی (حِلم)ی خۆیەوەیەتی کە نەرمونیانی و ئارامی و لێبوردەییە».

﴿عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١٨﴾ التغابن: ١٨

واتا: «خوای گەورە زانا و شارەزا و ئاگاداری جیهانی نادیار و دیارە، خوای گەورە دەسەڵاتداری بێ وێنە و دانایە کە هەموو شتێک بە گوێرەی شیاویێتیی کات و شوێن و پێداویستی؛ حاڵەت دروست دەکات و ئاراستەی دەکات».

لێکدانەوەی ئایەتەکان

ئایەتی یەکەم:

﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ لَهُ ٱلۡمُلۡكُ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ١﴾

واتا: «هەرچی لە ئاسمانەکاندایە و هەرچی لە زەمیندایە؛ هەموویان تەسبیحاتی خوای گەورە دەکەن و سوپاسگوزارین، دەسەڵات و سوپاس و ستایشی هەمووی هەر هی ئەوە و بۆ ئەوە، خوای گەورە بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە».

تەنها سوورەتی (الجمعة) و (التغابن) بە ﴿يُسَبِّحُ﴾ دەست پێدەکەن، ئێمەش پێشتر ڕاڤەی وشەکە و لێکدانەوەیان لە سورەتەکانی (الحشر) و (الصف) و (الجمعة)دا -کە هەر بە تەسبیحات دەست پێئەکەن- بە شێوەی جیاواز خستۆتە بەردەست، پێویست بە دووپاتکردنەوە ناکات لێرەدا، بەڵام دەشێت هەندێک ئاماژە بخەینەوە یاد:

١- تەسبیحاتکردن بە پاک و بێ خەوش (بێ عەیب) ڕاگرتنی خوای گەورە و ئیعتیرافکردنە بە خوایەتیی خوای گەورە بە هەموو سیفەتە بێ وێنە و بێ سنوورەکانیەوە. ئەوەش هەیە بە دەربڕینی لەفز دەیکات وەکوو مرۆڤ و فریشتە و پەری (جنـنە ئیمانـدارەکان)، هەیە بە زمانی حاڵ دەیکات وەکوو هەموو مەخلووقاتەکانی تر کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ﴾ الإسراء: ٤٤

٢- لێرە و لە شوێنەکانی تری باسی تەسبیحاتی جیهانیاندا سەرزەنشتکردنێکی لاوەکی ناڕاستەوخۆی مرۆڤی تێدایە کە ئەوەتا هەر هەموو (مەوجوودات) تەسبیحاتی خوای گەورە دەکەن و سوپاسگوزارین، هەر مرۆڤ نەفام و ستەمکار و لووتبەرزە کە نامۆ و پەڕیدە دەوەستێت و لە شوکرانەبژێریی یاخی دەبێت!

٣- لێرە و لە سوورەتی (الجمعة)دا کردارەکە بە ڕانەبردوو ﴿يُسَبِّحُ﴾ هاتووە، کە پێشتر لە سورەتەکانی (الحدید) و (الحشر) و (الصف)دا بە کرداری ڕابردوو هاتبوو ﴿سَبَّحَ﴾ و، پێش

ئەوانــیش لە ســورەتی (الإسراء)دا بە چــاووگ ﴿سُبۡحَٰنَ﴾ و، دوای ئەمــانیش لە ســورەتی (الأعلی)دا بە شێوەی کرداری فەرمان ﴿سَبِّحِ﴾ هاتووە، واتا بە ریزبەندی: (چاووگ - کرداری ڕابردوو - کرداری ڕانەبردوو - کرداری فەرمـان)، تـا بسـەلمێنێت کە تەسـبیحاتی خـوای گەورە سەرچاوەی کردار و ڕەفتارە و لە هەموو کات و شوێنێکدا بەردەوامە.

٤- هــاتنی پیتــی ﴿مَا﴾ کە (موصــولة)یە لە هەردوو ﴿ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ و ﴿ٱلۡأَرۡضِ﴾دا بــۆ تەئکیــدکردنەوەی ئەوەیە کە لە ڕاســتیدا وایە کە هەرچــی لە ئاســمانەکاندایە و هەرچــی لە زەمیندایە تەسبیحاتی خوای گەورە دەکەن.

- ﴿لَهُ ٱلۡمُلۡكُ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُ﴾، هــاتنی ئەم دوو ســیفەتەی خــوای گەورە بەدوای باســی تەسـبیحاتەکەدا لێـرەدا مانـای تەواوی شـایان و شایسـتەبوونی خـوای گەورە دەگەیەنێـت کە هەموو جۆرە پەرستنێک پێویستە بۆ ئەو ئەنجام بدرێت:

ســیفەتی ﴿ٱلۡمُلۡكُ﴾ کە خــاوەنێتی و دەســەڵاتداریێتیی تەواوە؛ ســیفەتێکی پەروەردگــارێتی (الربوبیة)ی خوای گەورەیە کە یەکسەر بەدوایدا پەرستنی (الألوهیة)ی بەدوادا دێت کە لێرەدا ﴿ٱلۡحَمۡدُ﴾ـە، واتا سوپاس و ستایشکردن.

هەرکەسێک بەدواداچوون بۆ سیفەتەکانی پەروەردگارێتی: (وەکوو کردگــارێتی، خــاوەنێتی، ڕۆزیدان، زیـان و سـوودگەیاندن، مرانـدن و ژیانـدن، کـارگێڕی و هەڵسـوڕاندن و.. هیـتر) لە قورئاندا بکات دەبینێت بەدوای هەریەکێک لەو سیفەتانەدا خواپەرسـتییەک هـاتووە کە بە **دڵ** دەکرێت، وەکوو (خواویستی و ئومێد و پشتبەستن...)، یان بە **زمان**، وەکوو (سوپاسگوزاری و تەسبیحات و قورئان خوێندن...)، یان بە **کـردەوە**، وەکـوو (سـوجدە و ڕوکـوع و بەخشـین...). وەکوو:

- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ﴾ البقرة: ٢١

- ﴿وَقُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي لَمۡ يَتَّخِذۡ وَلَدٗا وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ شَرِيكٞ فِي ٱلۡمُلۡكِ﴾ الإسراء: ١١١

- ﴿وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ ١٣﴾ فاطر: ١٣

- ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ٢٣١﴾ البقرة: ٢٣١

- ﴿هُوَ ٱلۡحَيُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱدۡعُوهُ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَۗ﴾ غافر: ٦٥

لێرەشدا وایە.. تەئکیدە لەوەی کە سوپاسگوزاری و ستایش و تەسبیحات هەردەبێت بۆ خوای تاک و پاک و بێ وێنە ئەنجام بدرێت، چونکە پەرستنن: ﴿لَهُ ٱلۡمُلۡكُ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُ﴾. لە هەردوو ڕستەکەشدا کە ﴿لَهُ﴾ پێش کەوتووە کە (جار ومجرور في محل رفع خبر مقدم)ە، بۆ ئەوەیە کە بیسەلمێنێت مادام دەسەڵاتدارێتیی موتڵەق و بێ وێنە هی خوای گەورەیە؛ کەوابوو نابێت هیچ سیفەتێکی (حمد) بۆ غەیری ئەو ببێت. (حەمد)یش لە (شوکر) بەرفراوانتر و گشتگیرترە.

- ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ١﴾، واتا: بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە. هەموو شتێک، چونکە هەر خۆی هەموو شتێکی خەلق کردووە کە توانای بەسەر خەلقکردنیاندا هەبوویێت، واتا لە نەبووەوە ئیجادی کردین، حەتمەن ئێستا بەسەر هەموویاندا بە توانایە. هەر کەسێک بیر لە (شت) بکاتەوە بیری کول دەبێت و درکی (شت)ی زۆر ناکات، کەوابوو دیارە کە خوای کردکار و بە دەسەڵات چەند بە توانایە، چەند بە ئاگایە. کەوابوو بەڕاستی تەنها ئەو شایان و شایستەی ئەو (حەمد) و (تەسبیحات)ـەیە.

- ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِي بِيَدِهِ ٱلۡمُلۡكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ١﴾ الملك: ١،

- ﴿فَسُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيۡءٖ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ٨٣﴾ يس: ٨٣،

- ﴿لَهُ ٱلۡحَمۡدُ فِي ٱلۡأُولَىٰ وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ٧٠﴾ القصص: ٧٠.

ئایەتی دووەم:

﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ فَمِنكُمۡ كَافِرٞ وَمِنكُم مُّؤۡمِنٞۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ٢﴾

واتا: «ئەوە خوای گەورەیە کە ئێوەی خەلق کردووە، جا هەتانە کافرە و هەشتانە موسڵمانە. خوای پەروەردگار بینەری کار و کردەوەکانتانە».

- ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ فَمِنكُمۡ كَافِرٞ وَمِنكُم مُّؤۡمِنٞۚ﴾:

١- خوای گەورە ئەو خەڵکەی لە نەبووەوە خەلق کردووە. دڵ و هزر و ویژدان و هەست و هۆشی پێداون و لە دونیاشدا سەربەستی کردوون. ئەگەر کەسێک ئەم ئالییەتانەی خۆی (دڵ و هزر و هۆش و...هتد) دوور لە کەموکورتی و هەواوهەوەس و حوکمی پێشینەی بەکاربهێنێت؛ دەگاتە هەموو حەقیقەتە عەقائیدییەکان لە (وجوود)ی خوای گەورە و یەک یەک لە سیفەتە بێ وێنەکانی. خوای گەورە ئەم مرۆڤەی بە هەموو توانا و وزەیەکەوە دروست کردووە و سەربەستی ئەنجامدانی ڕەفتاری خۆیی داوەتەوە دەست خۆی.. ئەمەی کە ئەشعەرییەکان پێی دەڵێن (كَسْب)، واتا ئەنجامدانی ڕەفتار، موعتەزیلەش پێی دەڵێن (قدرة العبد)، واتا هێزی توانینەکەی مرۆڤ. لە هەمان کاتدا خوای گەورە ڕێی چاکسازیی بۆ ڕوون کردوونەتەوە و هانی داون لەسەر گرتنەبەری، ڕێی خراپەکاریشی نیشانداون و هۆشداریی داونەتێ کە توخنی نەکەونەوە. چارەنووسی هەردووکیشیانی خستوونەتە پێش: پاداشتی چاکسازی و سزای خراپەکاری و، پێشی فەرموون کە مردن و زیندووکردنەوەتان و لێپرسینەوەتان حەتمییە و پاداشت و سزاکەش حەتمییە، بەڵام هەندێک کەس گوێیان لە وەحی گرت و گرتیانەبەر، زۆرینەش گوێیان نەدایە و لەسەر کوفر مانەوە و ڕۆیشتن.

٢- هەر لە کۆنەوە دوو کۆمەڵ خەڵک لەم خەلقکردن و چارەنووسەدا ڕێیان بزر کرد و گومڕابوون:

کۆمەڵی یەکەم: کە دەیانوت خوای گەورە هەموو شتێکی لە چارەی مرۆڤ نووسیوە و مرۆڤ سەربەست نییە لەوەی دەیگرێتە بەر، چونکە ناچارە و هەر دەبێت قەدەرەکەی خوای

گەورە بهێنێتە دی. بە زاراوەی سەردەم مرۆڤ ناچار (موسەییەر)ە و وەکوو ئامێرێکی قورمیشکراو کۆک بووە، دەکەوێتە کار تا دەوەستێت. دەیانوت مرۆڤ وەکوو گەڵایەکی وشکە و کەوتۆتە بەر تەکان و ڕەتانی با.

کۆمەڵی دووەم: کە دەیانوت: نا، خوای گەورە مرۆڤی خەڵق کردووە و ئیتر لێی گەڕاوە، مرۆڤ خۆی سەربەستە و توانای ڕەفتارەکانی هەیە و خۆی ئەنجامیان دەدات.

ئەهلی سوننەت و جەماعەت کە زۆرینەی زانایانی ئوممەتن، دەفەرموون: دید و تێڕوانینی حەق نە ئەویانە و نە ئەمیانە، چونکە هەموو شتێک هەر لە (توانا و ویست و زانست)ی خواوەیە. ئەمە تەفسیلێکی دەوێت:

- خوای گەورە بە زانستی بێ سنووری خۆی (سنوری کات و شوێن)، پێش خەلقکردنی مرۆڤەکە دەیزانی ئەم کەسە چ نییەت و ڕەفتارێکی دەبێت، دەشیتوانی هەر ئاڕاستەی ئیمان و ئیماندارێتیی بکات، بەڵام نەیکردووە، چونکە سیستمێکی بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ داڕشتووە کە بۆ تاکەکان نایانگۆڕێت. هەر تاکێک خاڵێکە یان گچکەتر لە خاڵ لەم سیستمە بەرفراوانەی (وجوود)دا، بۆیە ویست و زانست و توانای خوای گەورە تەدەخول لە ڕەفتاری کەسەکەدا ناکات. ئەو حاکمێتی باڵای بە دەستە و سیستم و تەعلیماتەکانی خستۆتە بەردەست هەمووان.

حکومەت سەیارەی هێناوەتە وڵاتەوە، مۆڵەتی شۆفێری دەدات، نیشانەکانی هاتووچۆی لەسەر جادەکان داناوە، خێرایی دیاریکردووە، گڵۆپی سوور و سەوز و زەردی لەسەر شەقام و ڕێگاکاندا داناوە، بەڵام شۆفێرەکان سەربەستن. سەربەستی ڕەها نین بە کەیفی خۆیان لێخوڕن و بووەستن، دەبێت بەپێی تەعلیمات بڕۆن بەدەر لە تەعلیمات سزای لەسەرە. ئەمە نموونەی مەخلوقە لەسەر کاری مەخلووق، بەڵام قەدەری خوای گەورە لەسەر کاری مەخلووقەکە زۆر زۆر لەمە بەرفراونترە، هەتا ئاسۆی بیرتی بۆ واڵا بکەیت هەر کەمە و بە تەواوی تەسەوری ناکەیت، چونکە لە توانای مەخلووقدا نییە چۆنیەتی سیفاتی خوای گەورە تێبگات.

• ئەم مرۆڤە لەسەر ئەم سیستمە لەدایک بووە، وەکوو پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموویت: (كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ علَى الفِطْرَةِ، فأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِه، أَوْ يُنَصِّرَانِه، أَوْ يُمَجِّسَانِه)[1]، واتا: «هەموو کۆرپەیەک لەسەر سروشتی پاکی مرۆڤیتی (خواناسانەی سروشتی) لەدایک دەبێت، بەڵام دایک و باوکی دەیکەنە جولەکە، یان دەیکەنە مەسیحی، یان دەیکەنە مەجووسی». کەوابوو ئەو بەسەربەستیی سروشتی لەدایک بووە، ئامێرەکانی خواناسی و دۆزینەوەی حەقی لە دڵ و هزر و ویژدان و هەست و هۆش تێدایە، ڕێگای چاکسازی و خراپەکارییەکەشی نیشانداوە، ئیتر خۆی بەرپرس (کەسب)ی خۆیەتی: ﴿هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْـًٔا مَّذْكُورًا ۝١ إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ۝٢ إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ۝٣﴾ الإنسان: ١-٣. لەو ئایەتەدا دەفەرموویت: ﴿إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ﴾، لەم ئایەتەشدا (ئایەتی دووەمی سووڕەتی تەغابون) دەفەرموویت: ﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ﴾. لەویاندا دەفەرموویت: ﴿فَجَعَلْنَٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا﴾، واتا: ئامێرەکانی هیدایەتدانمان داوەتێ کە بیستن و دیتنە، بۆ پەیپێبردن و سەرنجدانی مەلەکووتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُرِىٓ إِبْرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلْمُوقِنِينَ ۝٧٥﴾ الأنعام: ٧٥. لەولا دەفەرموویت: ﴿إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ۝٣﴾.. لەملاش دەفەرموویت: ﴿فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ﴾.

• لەکاملێتی خوایەتیی خوای گەورە و تاک و بێ وێنەیی سیفەتەکانی ئەوەیە کە کردگار و خاوەنی ئەم وجوودەیە، کەوابوو سەربەستە لەوەی چۆن ڕەفتار بە مەخلووقەکانی دەکات و چ سیستمێک بۆ ژیان و مردن و بزاوت و هەڵویستیان دیاری دەکات. ئەمە لە لایەک؛ لە لایەکی ترەوە هەر لە کاملێتیی خوایەتی و تاک و بێ وێنەیی سیفاتەکانێتی کە زانینی ڕەهایە و ئاگای لە هەر هەموو شتێکە، چونکە ئاگالێنەبوون نەزانین و نوقسانییە، ئەوەش لە سیفەتی خوای گەورە دوورە. کەوابوو ڕەفتارێکی ئەهلی کوفر یان ڕەفتارێکی ئەهلی ئیمان نییە کە خوای گەورە پێش خەلقکردنی بکەرەکان و دوای خەلقکردنیان و پێش ئەنجامدانی ڕەفتارەکە و دوای ئەنجامدانی ڕەفتارەکە نەیزانیبێت. کەوابوو هەموو ڕەفتارێکی عەبد بەپێی

(١) بوخاری (١٣٨٥)، موسلیم (٢٦٥٨).

زانیاریی خوای گەورەیە. لە لایەنی سێیەمیشەوە هیچ شتێک لە (وجوود)دا نییە کە ڕەفتارێک بکات خوای گەورە توانای بەسەریدا نەبووبێت، چونکە نەتوانین نوقسانییە، ئەوەش لە سیفەتی خوای گەورە دوورە، کەوابوو ئەو کوفر و ئەو ئیمانەش کە بکەرەکانیان گرتوویانەتەبەر هەر خوای گەورە خەلقی کردوون. ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە هەموو شتێک (بزاوت و سرەوت) بەپێی قەدەری خوای گەورەیە، واتا ئەو بزاوتە خوای گەورە زانیوێتی و توانیوێتی و ویستوێتی. بەم مانا گشتگیرەی قەدەرە کە دەفەرمووێت: ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ وَمَا تَعۡمَلُونَ ﴿٩٦﴾﴾ الصافات: ٩٦.

- لەم ڕوانگەوە قورتوبی (رحمه الله) کە ڕاوبۆچوونی قەدەرییەکان و موعتەزیلە و ئەشعەرییەکان و گشتی ئەهلی سوننەت و جەماعەتی هێناوەتەوە. قەولێکی زەجاجی زمانەوانی (رحمه الله) هێناوەتەوە کە بۆتە ڕێسای ئەهلی سەلەف و لە پەسەندێتییدا ئیمامی قورتوبی خۆی دەفەرمووێت: **(وهذا أحسن الأقوال، وهو الذي عليه جمهور الأمه)**[١]، واتا: «ئەمە باشترین دید و بۆچوونە و هەر ئەمەشە کە جمهوری ئوممەت (واتا زانایان)ی لەسەرە».

ئەوەی زەجاج فەرموویەتی ئەمەیە: (خوای گەورە کافری خەلق کردووە، کافرێتییەکەی کرداری خۆیەتی و کەسبی ئەنجامدراوی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر خوای گەورەش کوفرەکەی خەلق کردووە. هەروەها موسڵمانی خەلق کردووە، موسڵمانێتییەکەی کرداری خۆیەتی و کەسبی ئەنجامدراوی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر خوای گەورە ئیمانەکەی خەلق کردووە. کابرای کافر خۆی کوفر دەکات و ڕێبازی کوفر دەگرێتە بەر دوای ئەوەی کە خوای گەورە خەلقی دەکات، چونکە خوای گەورە لە قەدەری خۆیدا ئەوەی نووسیوە و دەزانێت کە کافرێتی دەگرێتە بەر، چونکە پێچەوانەی تەقدیرکراوی خۆی نوقسانێتییە، هەبوونی پێچەوانەی زانراو؛ نەزانینە)! واتا شتێک نییە بەدەربێت لەزانین و توانا و ویستی خوای گەورە[٢].

٣- بزانە کە ئەم دابەشبوونەی مرۆڤ بۆ (کافر) و (موسڵمان) دەیان پۆلی تریان لێ دەبێتەوە:

---

(١) لە (أضواء البيان)ەوە نەقڵم کردووە (١٩٨/٢٨).

(٢) ئیبنو تەیمییە (العقيدة الواسطية)ی لەسەر ئەم باسانە نووسیوە.

- **له کافر:** کافری شەڕانی (موحاریب) و کافری لاشەڕ (موسالیم).

- **له موسڵمان:** فاسق و موسڵمانی ڕەفتار پەسەند و تەقواکار.

- دەربارەی زانینی حەق و کارپێکردنیشی دوو پۆلن:

- **حەقزان (العالم بالحق):** کە دەبنە دوو جۆر:

أ- ئەوی کار بە زانینەکەی دەکات (العامل بعلمه).

ب- ئەوی کار بە زانینەکەی ناکات (غير العامل بعلمه).

- **حەقنەزان:** ئەم سێ پۆلەن کە ئێمە لە نوێژەکانماندا باسیان دەکەین کە سووڕەتی (فاتیحە) دەخوێنین و دەڵێین:

- ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ﴾، ئەمانەی کە خوای گەورە نیعمەتی (ئیمان و کردەوەی چاک)ی پێداون، ئەو کەسانەن کە حەقیان زانیوە و کاریان پێ کردووە، وەکوو پێغەمبەران و سددیقان (ڕاستگۆیان) و شەهیدان و پیاوچاکان.

- ﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ﴾، ئەمانەی کە غەزەبیان لێگیراوە و، خوای گەورە و پێغەمبەران و فریشتە و پیاوچاکان ڕقیان لێیان هەستاوە، ئەوانەن کە حەقیان زانیوە و کاریان پێ نەکردووە.

- ﴿وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾، ئەمانەی کە گومڕابوون، چونکە حەقیان نەزانیوە چۆنە، ئیتر کەوتوونەتە شیرکەوە.[1]

- دەربارەی لایەنگیریی جیهاد و بەشداربوون و نەبوونیش چەندین پۆلن، کە جگە لە موسڵمانە موجاهیدەکان ئەمانەش هەن: (المثبطون، المرجفون، المخذلون، المخلفون، الخوالف، القاعدون).

---

(١) ئیمامی ئیبنولقەییم (رحمه الله) لە (مدارج السالکين) لە باسی زەروورەتی هاتنی نێرراوانی خوادا بە جوانتر و تەفسیلتر ڕوونی کردۆتەوە.

- دەربارەی وەلائدان بە دەسەڵاتی شەرع و حاکمێتیی ئیسلامیش دەبنەوە بە دوو پۆلی ئەعراب و موسڵمانە سەرڕاستەکان، کە: (الإيمان، الهجرة، الجهاد، الإيواء، النصرة)ـیان سەلماندووە و چەسپاندووە.
- ئەعرابەکانیش سێ پۆلن: هەیانە (أشدّ كفراً)ە و، هەیانە (دووڕوو)ە و، هەیانە (موسڵمان)ـە. بەهەرحاڵ پۆلی تریش هەن وەکوو (جنود إبليس) و (الجاهلون) و (الجاهليون) و هیتر، کە ئێرە جێی باسی تەفسیلاتیان نییە. بەڵام زەرووریيە ئەوە ڕەچاو بکەین کە چەندین پۆل لە (کافر)اندا هەیە و چەندین پۆل لە (موسڵمان)اندا هەیە، کە هەریەکەیان پێناسە و حوکمی شەرعی و هەڵوێستی بەرامبەری تایبەتیان هەیە.

- ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ۝٢﴾:

ئەم کۆتاییە زۆر ڕەوانبێژانە و شیاوانەی جێی خۆیەتی. لە زۆرینەی شوێنی قورئاندا ﴿سَمِيعُۢ بَصِيرٌ﴾ پێکەوە دێن، بەڵام لێرەدا هەر ﴿بَصِيرٌ﴾ هاتووە کە دیتنی یەقینە، زانینی پێشوەختی ڕەفتارەکانە، چ ئەوانەی (کافر) دەیکات، چ ئەوانەی (موسڵمان) دەیکات. ئەم سیفەتی بینینە دیتنی ڕەفتارەکان دەسەلمێنێت کە هیچ پەردەیەکی نەزانینی نەکەوتبێتە نێوانەوە.

- ئەم سیفەتە ﴿بَصِيرٌ﴾ـە تەئکید کردنەوەیە لەوەی کە ڕەفتاری کافران و موسڵمانان دەبینێت و حوکمی خۆیان لەسەر دەدات. مانای ئەوەش ناگەیەنێت کە کافری دروست کردووە لێی ڕازی بێت، نا، بەڵام دادپەروەریێتیی خوای گەورە کە بێ سنوور و بێ وێنەیە؛ سەربەستکردنی مرۆڤی دەخواست لە گرتنەبەری ڕێگای ئیمانداری و چاکسازیدا تا پاداشت بدرێتەوە، یان گرتنەبەری ڕێگای کوفر و خراپەکاری تا سزا بدرێت. ئەوە قسەی بەتاڵە کە هەندێ کەس دەڵێ: ویستی خوایە کە منی بە کافر دروست کردووە و منیش هەر لەسەر کوفر بەردەوام دەبم!! ئەمە دیدی لێل و ڕێی وێڵ و چەواشەکاری و فریودانی خۆیەتی، ئەویش دەتوانێت وەکوو ئێمە ئیسلامەکە وەربگرێت، کێیان دەزانین چیمان لە چارە نوسراوە و سبەینێ چیمان لێ بەسەردێت؟!

﴿وَقَالُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱلرَّحْمَـٰنُ مَا عَبَدْنَـٰهُم﴾ الزخرف: ٢٠، واتا: «وتیان ئەگەر خـوای گەورە نەیویسـتایە ئەو بتانەمان نەدەپەرست !!».

ئایەتی سێیەم:

﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ۝٣﴾

واتا: «خوای گەورە کە ئاسمانەکان و زەویی خەلق کردووە هەقە، لە پێناوی سەلماندن و چەسپاندی حەقیشدا خەلقی کردوون، ئەو حەقەش حەقیقەتە عەقائیدییەکانە لە تەوحیدەوە بۆ پەرستن، بۆ حاکمێتیی شەرع و حەقیقەتی مردن و زیندووبوونەوە نیشانە حەقیقەتەکانی قیامەت. خۆ بە هەوانتە و لەخۆڕا دروستی نەکردوون، خوای گەورە کاری هەوانتانە ناکات».

- ﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ﴾:

١- حەق لێرەدا بەرامبەر (باطل)ـە، کە ناهەقی و هەوانتەکاری و کاری بێ سەروبەرە. هەروەکوو کە لە شوێنەکانی تری قورئاندا جەختی لێدەکاتەوە، وەکوو: ﴿إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ۝١٩٠ ٱلَّذِينَ يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمٗا وَقُعُودٗا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمۡ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ هَٰذَا بَٰطِلٗا سُبۡحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ۝١٩١﴾ آل عمران: ١٩٠ - ١٩١. یان: ﴿وَمَا خَلَقۡنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا لَٰعِبِينَ ۝٣٨ مَا خَلَقۡنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ﴾ الدخان: ٣٨ - ٣٩. کەوابوو لە خەلقبوونی ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی کە تێدایە حەق هاوڕێی خەلقکردنی هەموویانە، هیچ شتێکی بێ مەبەست خەلق نەکردووە، مەبەست لە هەریەکەشیان سەلماندن و چەسپاندنی حەقە، لەوانەش زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە: ﴿قُلۡ يُحۡيِيهَا ٱلَّذِيٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٖۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلۡقٍ عَلِيمٌ ۝٧٩﴾ یس: ٧٩.

٢- خوای گەورە بە تەئکیدەوە دەفەرمووێت: ﴿لَخَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ أَكۡبَرُ مِنۡ خَلۡقِ ٱلنَّاسِ﴾ غافر: ٥٧، واتا: «خەلقکردنی ئاسمانەکان و زەوی گەورەترە لە خەلق کردنی خەڵکی». لە ڕاستیدا هەرچەندە هەردووکیان هەر موعجیزەن و بەڵگەن لەسەر توانای بێ سنوور و بێ وێنەی خوای گەورە، بەڵام ئاسمانەکان و ئەوانەی تێیاندایە بەراورد ناکرێت بە هەموو سەرزەوی و گیانلەبەرەکانی ناو وشکانی و ئاو و هەواکەی. ئێستا زانستی فیزیا و گەردووناسی شتی زۆر زۆر سەرسوڕهێنەر باس دەکەن. ئێستا ناوترێت چەند ئەستێرە هەیە،

دەوترێت چەند (مەجەڕە) هەیە؟ کە هەرمەجەڕەیەک زیاتر لە پەنجا ملیـار ئەسـتێرەی تێـدایە. ئەگەر خەیاڵی لێ بکەینەوە کە دەوترێت شەست و چوار ملیار مەجەڕە هەیە، هەر مەجەڕەیەک دەیان ملیار ئەستێرەی تێدایە، ئەستێرەی وا هەیە شەست و پێنج ملیۆن ساڵی تیشک لە ئـێمەوە دوورە! خۆری وا هەیە ئەم خۆرەی ئێمە لە نێوان دوو بڵێسەیدا جێـی دەبێـتەوە!! ئەم خـۆرەی ئێمەش کە لە نزیکترین خاڵدا (١٤٧,٥٠٠,٠٠٠) کم لە زەویەوە دوورە، دەوترێت (٤,٥) ملیار ساڵە هەیە و، لە هەموو ئان و ساتێکدا مادده دەکاتەوە بە وزەی گەرمی و ڕووناکی و بزاوت! لە هەر چرکەیەکدا (٣,٨٣ × ١٠^{٣٣}) ئێرگ وزە بەرهەم دەهێنێت!! ئەمە هەر تەسەور ناکرێت؛ چ جای ئەم ئاسمانە بەرفراوانە پـڕ لە ئەسـتێرەیە! ئـێمە چـوزانین داخـۆ ئەمەی زانـراوە ئاسـمانی یەکەمە، یان چینێکیتی؟! خوای گەورە بۆ ئاسـمانی زەوی دەفەرموویـت: ﴿وَلَقَدۡ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ﴾ الملك: ٥. ئایا ئەم ئاسمانە کەشـف کـراوە ئاسـمانی دنیـایە (واتـا ئاسـمانە نـزمەکە) یـان کـۆمەڵەی خـۆرە کە بە دەوری زەویـدا دێـن و دەچـن، یـان چینەکـانی هەوایە کە بە دەوری زەوییەوەیە و شین دیارە و پێی دەڵێن ئاسمان؟!

- هەروەها خەلقکردنی زەوی، کە یەکێکە لەوانەی بە دەوری خۆردا دێن و دەچن (ئەوانـی تر لە خۆرەوە بەرەو دوور: عەتار، زوهرە، زەمین، مەریخ، موشتەری، زوحەل، ئۆرانۆس، نبتۆن، پلۆتۆ)، ئەمەی دواییان زۆر لە خۆرەوە دوورە و (٥,٩) ملیار کیلـۆمەتر دوورە، پـلەی سـەرمای (-٢٣٠)°، واتا لەژێر سفردایە.

ئەمما زەمین یان زەوی چوارچێوەکەی (پشتێنەکەی) لە خەتی ئیسـتیوادا (٤٠,٠٧٦,٥) کـم و، تیرەکەی هەر لە خەتی ئیستیوادا (١٢,٧٥٦,٣٤) کم و، ڕووبەرەکەی (٥١٠,١٠٠,٠٠٠) کم دووجایە و، پلەی گەرماکەی: باڵای (٥٨) پلەیە کە لە لیبیایە / لە عەزیزیە و، ساردترین شوێنی (- ٨٩,٦) پلەیە لە فۆستۆک/ لە کیشوەری قوتبی باشوورە.

ئەمما پێکهاتە و ڕێژە و هێزی ڕاکێشـان و بـزاوت و خـولانەوە و...، ئەمەش هەر یەکێکیـان جیهانێکی پڕ لە موعجیزەیە.

- ﴿وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡ﴾: شکل و چۆنیەتییەکانتانی بە جوانترین شێوە کێشاوە.

هەروەکوو لە ئایەتی تریشدا دەفەرمووێت:

- ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ قَرَارٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِۚ﴾ غافر: ٦٤.

- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ ٦ ٱلَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ٧ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ٨﴾ الانفطار: ٦ - ٨.

- ﴿لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ٤﴾ التين: ٤.

هەندێک دەفەرموون مەبەست خەڵقکردنی سەیدنا ئادەمە (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ)، بەڵام موقاتیلی قورئانەوان دەفەرمووێت: مەبەست لێی هەموو مرۆڤێکە.

- دەبینیت خوای گەورە ئەم مرۆڤەی لە نێوان گیانلەبەراندا بە شێوەیەکی وا دروست کردووە؛ لە کەشی هەموویاندا بژی و بە هزر و زانستی خۆی باشترین بارودۆخ بۆ ژیانی خۆی دابمەزرێنێت. دەبینیت نە خشۆکە لەسەر سک بخشێت، نە ئاژەڵی چوار پێشە، نە پێویستی بە فڕینە و نە لە دەریادا ژیان. سەری بەرزە و بەدەنی ڕێکە، دەشتوانێت هەموو زیندەوەرانی تر و بێگیانیش بۆ خۆی دەستەبەر بکات. بڕوانە خوای گەورە لە بەرپەرچدانەوەی ئەو کافرەدا کە ئێسقانێکی پوواوی هێنایە لای پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و پرواندنی (بە دەستی هاڕیی) و وتی: ئەی محمد، پێت وایە خواکەت ئا ئەمە زیندوو دەکاتەوە؟! خوای گەورە لە ڕەددیدا دەفەرمووێت: ﴿وَضَرَبَ لَنَا مَثَلٗا وَنَسِيَ خَلۡقَهُۥۖ قَالَ مَن يُحۡيِ ٱلۡعِظَٰمَ وَهِيَ رَمِيمٞ ٧٨ قُلۡ يُحۡيِيهَا ٱلَّذِيٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٖۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلۡقٍ عَلِيمٌ ٧٩ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلشَّجَرِ ٱلۡأَخۡضَرِ نَارٗا فَإِذَآ أَنتُم مِّنۡهُ تُوقِدُونَ ٨٠ أَوَلَيۡسَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يَخۡلُقَ مِثۡلَهُمۚ بَلَىٰ وَهُوَ ٱلۡخَلَّٰقُ ٱلۡعَلِيمُ ٨١﴾ يس: ٧٨ - ٨١. بڕوانە لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرمووێت: خوای گەورە ﴿ٱلۡخَلَّٰقُ﴾ ـە، واتا پیشەی خەلقکردنە و هەموو شتێکی لە توانا دایە. پاشان دەفەرمووێت: ﴿ٱلۡعَلِيمُ﴾، زۆر زانایە. ئەم زانینە پەیوەندیی بە زیندووکردنەوەکەوە هەیە. بەو مانایەی کە خوای گەورە دەزانێت ئەم کەسەی کە دەمرێت و توخمی پێکهاتەی لەشی کە (١٦) توخمە دەگەڕێتەوە ناو خاک، پاشان چییان لێدێت و چەند

خولی تر دەچنەوە جەستەی کەس یان ئاژەل، یان میوە و سەوزە و پێکهاتەی تر! دوای مردنی تۆ خوای گەورە دەزانێت بۆ نموونە توخمی ئاسن یان کالسیۆمەکەی جەستەی تۆ چەند جاری تر دەبێتەوە بە پێکهاتەی زیندەوەرانی تر یان لە کوێدا دەبێت کە خوای گەورە زیندوویان دەکاتەوە! بۆیە دەفەرموویت: ﴿وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ﴾، ﴿وَهُوَ الْخَلَّاقُ الْعَلِيمُ﴾. بڕوانە چەند بە ڕۆشنی لە سووڕەتی (قاف)دا ئاماژە بەمە دەکات: ﴿قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنقُصُ الْأَرْضُ مِنْهُمْ ۖ وَعِندَنَا كِتَابٌ حَفِيظٌ ﴿٤﴾﴾ ق: ٤.

- ﴿وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ ﴿٣﴾﴾:

ئەمە بەشێکە لە باسکردنی (خلق) و (تصویر).. کە هەمووی هەقە و بۆ سەلماندن و چەسپاندنی حەقیقەتە عەقائیدییەکانە، لەوانە ئەم چارەنووسەی کە هەموو دەبێت بگەڕێنەوە لای خوای تاک و پاک:

- ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾﴾ المؤمنون: ١١٥.

- ﴿اللَّهُ يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿١١﴾﴾ الروم: ١١.

- ﴿وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢١﴾﴾ فصلت: ٢١.

ئایەتی چوارەم:

﴿يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَيَعۡلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعۡلِنُونَۚ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ٤﴾

واتا: «خوای گەورە بە بوون و حاڵەت و پێداویستیی هەر هەموو ئەوانە دەزانێت کە لە ئاسمانەکان و زەویدان، دەشزانێت ئێوە چی پەنهان دەکەن و چی ئاشکرا دەکەن، هیچی لا شاراوە نییە، خوای گەورە زانا و شارەزا و ئاگاداری ختوورەی دڵە».

- ﴿يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾:

کافرەکانی ئەوسەردەمە وەکوو زۆرینەی کافرانی سەردەم دەیانوت مرۆڤ دوای مردن دەبێتە خاک و خۆڵ و زیندوو نابێتەوە: ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا ضَلَلۡنَا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدِۭۚ﴾ السجدة: ١٠. خوای گەورە لێرەدا کە توانا و زانینی خۆی ئاوا دەخاتە بەردەستیان تا سەرنجێکی ژیرانە لە خەلقکردنی ئاسمانەکان و زەوی بدەن و ئەقلیان پێ بشکێت کە زیندووکردنەوەیان حەقە و کارێکیش نییە بەلای خوای گەورەوە گران بێت. ئەو ئەو هەموو گەردوون و ژیانەی خەلق کردووە و ئاگای لە هەر هەموو بزاوت و سرەوتێکی (وجوود)ە، ئیتر چۆن ئێوەی پێ زیندوو ناکرێتەوە؟! ئاخر خۆ زیندووکردنەوە لە خەلقکردنی یەکەمجار سەختتر نییە! هەر چەندە هیچ شتێک بەلای خوای گەورەوە گران نییە: ﴿أَيَحۡسَبُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجۡمَعَ عِظَامَهُۥ ٣ بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ ٤﴾ القيامة: ٣ - ٤.

- ﴿وَيَعۡلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعۡلِنُونَۚ﴾:

هەڕەشەیە لە کافرەکان، کە هەر مەبەست و غایلە و ختوورەیەک بە دڵ و هزر و هۆش و هەستاندا بێتت خوای گەورە ئاگای لێیەتی و دەیزانێت. جا لە ناختاندا کوفرتان شاردبێتەوە وەکوو دووڕووەکان، یان باوەڕتان شاردبێتەوە وەکوو موستەزعەفە کەشفنەبووەکانی سەرەتای وەحی.

- ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ۝٤﴾:

هاتنی دووجار ﴿يَعۡلَمُ﴾ و جارێکیش ﴿عَلِيمُۢ﴾ هەمووی سەرنجڕاکێشانیانە بۆ هەست بە چاودێریکردنی خوای گەورە تا بە حەزەر بن. پاشان ئەوەندەی تر تەئکید دەکاتەوە کە دەفەرمووێت: ﴿بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾! هەر ختوورەت و هەست نەستێک کە بە دڵ و هەست و هۆشدا دێت، خوای گەورە شارەزایەتی و ئاگای لێیەتی!! خوای گەورە لە زیادەی تەئکیدی زانینیدا دەفەرمووێت: ﴿يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ وَأَخۡفَى ۝٧﴾ طه: ٧، واتا: «نهێنییەکە و شارەواتریش لەو دەزانێت».

ئەم تەئکیدکردنەی زانین کە لە دوای توانای خەلقکردن دێت ئەو مەبەستە ڕوون دەکاتەوە کە ژیان و مردن بە دەست خوای گەورەیە و ژیاندن و مراندنیش هەروەها. زیندووکردنەوەشتان حەتمیە، نە گرانە و نە شتێکە بزر ببێت، بۆیە دەبێت خەمی قیامەتی خۆتانتان لەبەربێت و ژیانی کورتی دنیا هەڕاڵتان نەکات و پێی دەسخەڕۆ نەبن.

ئایەتی پێنجەم:

﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُا۟ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ فَذَاقُوا۟ وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ۝٥﴾

واتـا: «چـما هەواڵـی ئەو کەسـانەتان پێنەگەیشـتووە کە پـێش ئەوە دیـد و ڕێ و بـزاوت و هەڵوێسـتی کوفریـان گرتبـووەبەر، کە چارەنووسـیان بە چـی گەیشـت؟ سـەرەنجامی دیـد و هەڵوێستی چەوت و دژواری خۆیان چێشت! لە دنیادا بە زەلیلی سەریان نـایەوە و فەوتـان، لە ڕۆژی دواییشدا بەدڵنیاییەوە سزایەکی زۆر بەژانیان دێتە ڕێ».

- ﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُا۟ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ﴾:

١- دوای شێوازەکانی هۆشداری و سەرنجڕاکێشان و وریاکردنەوە بە بڕگەکـانی: ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ۝٢﴾ التغـابن: ٢ ، ﴿وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ۝٣﴾ التغـابن: ٣ ، ﴿وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ﴾ التغـابن: ٤. ئینجا بەشێوەی لاوەکی هەڕەشەی سزایەکی بەژانیان لێدەکات کە لە دنیـا و قیامەتـدا تووشـی شکسـت و چاوشـۆڕی و بەفەتارەتـدانیان دەکـات و لە ڕۆژی دوایـیش هەروەتـر، ئەمە پێـی دەوترێت (الكناية بالإيمان)، چونکە نموونەی کافربوونی خەڵکانێکی تریـان بـۆ دەهێنێـتەوە تـا ئەمانیش کە دید و هەڵوێستیان هەروەکوو ئەو خەڵکە کافرە بـووە، بـزانن کە چارەنووسیشـیان وەکوو چارەنووسی ئەوان دەبێت.

٢- شێوازی پرسیارکردنەکە ڕەوانبێژییەکی تایبەتی تێـدایە، پرسـیارەکە بە (أ) و (لم)، واتـا بە پرسیار و نەفیە، تا وەڵامەکەیان بە (نەخێر) نەبێت، چـونکە هەواڵـی خەڵکـانی تـری کافریـان پێگەیشتووە چ عاد و ثەموود بووبن، چ لەشکرەکەی ئەبرەهە و چ هیتر. بۆیە ئەگەر وڵامەکەیان ئیجابی بوو، وتیان: (بەدی پـێمان گەیشـتووە) ئەوە ئیـتر خـۆ دەخەنە هەڵوێسـتێکەوە کە ئەگەر باوەڕیان نەهێنا قبووڵیانە چارەنووسـیان وەکـوو ئەو قەومـانەی لـێ بێـت. عوزریـان نامێنێـت، چونکە خۆیان دانیان بەوەداناوە کە بەڵێ هەواڵمان هەیە و دەشزانین چییان لێهاتووە.

- ﴿فَذَاقُواْ وَبَالَ أَمۡرِهِمۡ﴾:

سزاکەیان بەچواندنی شتێکی تامکراو و چێژراو نیشان دەدات، چونکە هەستکردنی چێژتن بەهێزترە لە هەستی دەستلێدان، هەروەکوو کە کوردیش دەڵێ: بەڵایەکیان بەسەرهات تاڵاوەکەیان هەر لە دەمدایە..

مەبەست لەوەیە کە ئێجگار سەخت و گشتگیر هەستیان بە چارەنووسە خراپەکەیان کرد.

- ﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ۝٥﴾:

سەرباری ئەمەش کە لە دنیادا چێژتوویانە سزای گەورە و بەژانی قیامەتیشیان ماوە!

ئایەتی شەشەم:

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُۥ كَانَت تَّأۡتِيهِمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَقَالُوٓاْ أَبَشَرٞ يَهۡدُونَنَا فَكَفَرُواْ وَتَوَلَّواْۚ وَّٱسۡتَغۡنَى ٱللَّهُۚ وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٞ ٦﴾

واتا: «ئەو سزایەش بەو هۆیەوە بوو کە بەڕاستی پێغەمبەرەکانیان بە چەندین بەڵگە و موعجیزەی ڕوونەوە بۆ دەهاتن و هەریەکەشیان داوای گەلەکەیانی ئەنجام دەدا، کەچی وتیان: ئایا مرۆڤێک ڕێنماییمان دەکات؟! جا دەرەنجام کافر و بێ باوەڕ بوون و پشتیان هەڵکرد لە ئیمان. خوایش بێ نیاز بوو لێیان و وێڵیکردن. خوا خوایەکی بێ نیازە لە هەموو شتێک، هەر لە زاتی خۆیدا سوپاسکراوە»[1].

- ﴿ذَٰلِكَ﴾: ناوی ئاماژە (اسم الإشارة)یە و لێرەدا وەکوو (كناية بالإشارة) هاتووە، واتا ئێوە کە دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستتان وەکوو دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی کافرانی پێشووە، حەتمەن چارەنووسی ئێوەش وەکوو چارەنووسی ئەوان دەبێت، چونکە ئەوان:

- ﴿كَانَت تَّأۡتِيهِمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَقَالُوٓاْ أَبَشَرٞ يَهۡدُونَنَا﴾:

١- ﴿كَانَت تَّأۡتِيهِمۡ رُسُلُهُم﴾، کە بە شێوەی مێیینەیە، نەک (كَانَ يَأْتِيهِمْ رُسُلُهُم)، چونکە لە زمانی عەرەبیدا هەموو کۆیەک دەشێت بە شێوەی (مؤنث: مێ) ڕەفتاری زمانەوانیی لەگەڵدا بکرێت، وەکوو ئێرە و، ﴿قَالَتِ ٱلۡأَعۡرَابُ ءَامَنَّا﴾ الحجرات: ١٤. ئەوە بەناوبانگە کە بە (عەبدولمەلیکی کوڕی قورەیبی ئەسحەعی)ی زمانەوانیان وت: ئەوە کۆمەڵێک خەڵک لەسەر ڕێتن بەتەمان بتکوژن. فەرمووی:

إِنَّ قَوْمِي تَجَمَّعُوا ... وَبِقَتْلِي تَحَدَّثُوا

لَا أُبَالِي بِجَمْعِهِمْ ... كُلُّ جَمْعٍ مُؤَنَّثُ

ئەمە بە پێچەوانەشەوە هەر شیاوە، واتا شێوازی نێرینە بۆ کۆی مێیینە، وەکوو:

(١) جەنابی مامۆستا لێرەدا تەفسیری پوختی ئایەتەکەی بۆ نەکردبوو وەکو ئەوانی تر، بۆیە هەر لە تەفسیری ڕامان تەفسیرەکەیان بۆ دانایەوە. (زادی)

﴿۞وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي ٱلْمَدِينَةِ﴾ يوسف: ٣٠.

٢- بۆ زۆر له قەومەکانی پێشوو زیاتر له یەک پێغەمبەر هاتووە. له یەک کاتدا یان له دوای یەکتری. وەکوو بەنو ئیسرـائیل (جـوولەکە) کە زۆریـان پێغەمـبەر بـۆ چـوو! وەکـوو لێرەشـدا بەشێوازی کۆ دەفەرموویت: ﴿رُسُلُهُم﴾. ئینجا هەر نێرراوێکیش (سـەلامی خوایـان لـێ بێـت) چەندین بەڵگە و نیشانەیان لەسەر ڕاست و دروستیی پەیامەکەیـان و وەحـی خـوایی دەخسـتە پێش چاو، کەچی هەر باوەڕیان نەدەهێنا! وەکوو لێرەدا بۆ ئەمەش دەفەرمووێـت: ﴿بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾، کە کۆیە.

٣- بەڵگە و هۆکاری بەرهەڵستیی کافرەکـانی پێشـوو ئەوەبـوو کە دەیـانوت: چـۆن دەبێـت مرۆڤی وەکوو خۆمان بۆ هیدایەتدانمان بێت؟ هەروەکـوو کە قـورەیش بە پێغەمـبەری خوایـان (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەوت و هەروەکـوو کە هەنـدێک کـافری گەلـۆر و کەللەپـووتی سـەردەم لەم زەمانەدا بە ئێمەش دەڵێن: ئەدی بۆچی خواکەتـان فریشـتەی نەنـاردووە؟! کـافرانی پێشـووتر دەیانوت: ﴿أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا﴾ التغابن: ٦. کافرانی قورەیش و هاوبیریان دەیـانوت: ﴿فَقَالُوٓا۟ أَبَشَرًا مِّنَّا وَٰحِدًا نَّتَّبِعُهُۥٓ﴾ القمر: ٢٤. خوای گەورە ئەو دید و هەڵوێستە سەیرە وا باس دەفەرمووێت کە هـی هەمـوو کافرێکە: ﴿وَمَا مَنَعَ ٱلنَّاسَ أَن يُؤْمِنُوٓا۟ إِذْ جَآءَهُمُ ٱلْهُدَىٰٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرًا رَّسُولًا ﴿٩٤﴾﴾ الإسراء: ٩٤.

خوای گەورە بەرپەرچیان دەداتەوە کە ئەوە گومانێکی باتڵە و هیچ نییە، چۆن دەبێـت ببێـتە ڕێگری باوەڕهێنانیان؟!: ﴿قُل لَّوْ كَانَ فِي ٱلْأَرْضِ مَلَٰٓئِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّينَ لَنَزَّلْنَا عَلَيْهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَلَكًا رَّسُولًا ﴿٩٥﴾﴾ الإسراء: ٩٥، واتـا: ئەگەر فریشـتە لەسـەر زەویـدا نیشـتەجێ بوونـایە، دەبـوو فریشـتەمان بە نێرراوێتیی خۆمان بناردایە، ئیستا کە ئێوەی مرۆڤ لەوێ نیشتەجێن هەر دەبێ مرۆڤـی وەکـوو خۆتان بنێرین. تەنانەت ئەگەر فریشتەیەکمان بناردایە، هەر دەبـوو لە شـێوەی پیـاوێکی وەکـوو خۆتانـدا بـووایە! ﴿وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَٰهُ رَجُلًا وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ ﴿٩﴾﴾ الأنعام: ٩، ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلَّا رِجَالًا﴾ يوسف: ١٠٩.

- بە سەرسوڕمانەوە دەیانوت: ئای لەم پێغەمبەرەی خوا، خۆراک دەخوات و دەچێتە بازاڕ؟!

﴿وَقَالُواْ مَالِ هَٰذَا ٱلرَّسُولِ يَأۡكُلُ ٱلطَّعَامَ وَيَمۡشِي فِي ٱلۡأَسۡوَاقِ﴾ الفرقان: ٧. ئەمە هەنجەت و بیانوویەکی زۆر بێجێیە، چونکە ئەگەر نێرراوی خوای گەورە مرۆڤ نەبووایە و هەروەکوو مرۆڤی ئاسایی ڕەفتاری نەکردایە، هەر هەموو دەیانوت: جا ئەم دینە چۆن بە ئێمە دەگیرێت؟ ئەمە کەسانی تایبەتی دەوێت کە مرۆڤی ئاسایی نەبن! بۆیە خوای گەورە دەفەرموویێت: ئێ خۆ نێرراوەکانی پێشووش هەر وابوون: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمۡ لَيَأۡكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَيَمۡشُونَ فِي ٱلۡأَسۡوَاقِۗ﴾ الفرقان: ٢٠.

- (بشرـ) ناوی توخمی مرۆڤە، بە یەک مرۆڤیش دەوترێت و بە کۆمەڵێک و هەموو مرۆڤایەتیش دەوترێت، وەکوو بۆ (تاک) دەفەرموویێت: ﴿فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرٗا سَوِيّٗا ١٧﴾ مریم: ١٧، بۆ (کۆ)ش دەفەرموویێت: ﴿وَقُلۡنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا﴾ یوسف: ٣١.

٤- هەموو هۆکاری کافربوون و پشتهەڵکردن و گوێنەدانەکەیان کردووە بەو بیانووە بەتاڵە کە گوایە چۆن دەشێت مرۆڤێکی وەکوو خۆمان ببێتە مایەی خواناسی و خواپەرستی و دینداریێتیمان؟! کە بە شێوەی پرسیاریش دەیکەن و هۆکارەکەش پێش ڕەفتارەکە هاتووە، واتا هەموو هۆکارەکە ئەمەیە و زۆریشیان بەلاوە سەیرە، چونکە بە ئەقڵیاندا ناچێت!! ﴿أَبَشَرٞ يَهۡدُونَنَا﴾؟! ئیتر لە گەلـۆری و گەوجێتیی خۆیاندا وازیان لە وەحیی خوایی هێنا کە بەختەوەریی دنیا و قیامەتی پێوەیە:

- ﴿فَكَفَرُواْ وَتَوَلَّواْۚ﴾:

- ئەمە کوفری گوێ پێنەدان (کوفر الإعراض)ـە. ئەمە حوکمی پێشینە و پێشوەخت بڕیاریان داوە کە نایانەوێت باوەڕ بهێنن، دەنا چۆن پەیامێک ڕەت دەکەنەوە کە نەیاندیوە و موناقەشەیان نەکردووە. پەیامێک کە دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتە، پەیامێک کە پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤە، پێناسەی کردگار و مافێتی، هەروەکوو کە پێناسەی ئەرکی عەبدایەتیی مرۆڤە! پەیامێک کە ئەحکام و یاسا و دەستووری شەریعەتێکی خوایی دادپەروەرانەی گشتگیرە و هەموو لایەنێکی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت دەگرێتەوە.

چۆن هەروا ساویلکانە و نەفامانە ڕەت دەکرێتەوە بە بەهانەی ئەوەی کە گوایە ناشێت مرۆڤ پەیامی خوای بۆ بێت!! هەروەکوو لەم سەردەمەدا هەزاران مەیموون ئاسای چاولێکەری ڕۆژئاوا ئەم ئیسلامە گشتگیرە کاریگەرە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن (ئیسلامی سیاسی)مان ناوێت! درۆش دەکەن، ئەوەی کە نایانەوێت هەموو ئیسلامەکەیە، دەنا باوەڕ و خواپەرستی و ئەحکام و ڕەوشت و لایەنەکانی تری ئیسلامیان وەردەگرت و پێوەی پابەند دەبوون! ئینجا بۆ سەلماندن و چەسپاندنی عەبدایەتیان بۆ ڕۆژئاوای کافر دەڵێن: ناهێڵین دین دەستێوەردانی لە سیاسەت و هونەر و ئەدەب و دەوڵەت و ئاڕاستەی کۆمەڵگەدا هەبێت، نابێت ڕەفتار و ڕەوشت و یاسا و دەستوور لەسەر بنەمای دیدی دینی دابڕێژرێن! ئەمە ڕەفزکردنەوەی هەموو لایەنێکی دینەکەیە کە لە یەک زاراوەی کوفریندا کۆبۆتەوە کە عەلەمانییەت (سیکۆلاریزم)ـە.

- ﴿وَتَوَلَّوْا﴾: ئەسڵی (تَوَلِّي) جێگۆڕکێیە، واتا ئەو جێگایەت جێدەهێڵیت کە لێی بوویت. پاشان بۆتە نواندنی ڕەفتاری قبوڵنەکردن و ڕەفزکردن بەگوێنەدان و پشت تێکردن، واتا گوێنەدان بە وەحی و بانگەوازەکەی پێغەمبەران (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ): ﴿ثُمَّ تَوَلَّيۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۖ﴾ البقرة: ٦٤.

- ﴿وَّٱسۡتَغۡنَى ٱللَّهُۚ وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٞ ۝٦﴾:

١- (استغنى): لە (غَنِيَ)وەیە، واتا: ناچار نییە، باکی نییە، مەمنوون نییە باوەڕ دەهێنن یان نا. هەبوونی (هەمزە و سین و تائـ)ـەکەش (استـ) بۆ زیادە تەئکیدی بێباکییەکەیەتی، واتا ئێوە باوەڕ بەو پێغەمبەرە (عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ) و بە پەیامەکەی بهێنن یان نەهێنن؛ خوای گەورە هەر هیچ باکی پێی نییە و مەمنونتان نابێت! باوەڕهێنانتان لە بەرژەوەندی خۆتانە، باوەڕنەهێنانتان زیان لە خۆتان دەدات نەک لە خوای گەورە: ﴿وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٩٧﴾ آل عمران: ٩٧، ﴿إِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمۡۖ﴾ الزمر: ٧.

٢- هاتنی (واو) لە سەرەتادا کە (واو الحالیة)یە، هەروەها شێوازی کردارەکە (کە ڕابوردووە) ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو هەڵوێستی باوەڕنەهێنانەتان لە کاتێکدایە کە خوای گەورە لە ئەزەلەوە باکی بە باوەڕهێنانتان نەبووە.

٣- ئینجا لە کۆتایی ئایەتەکەشدا سیفەتی بێباکی و پێویستنەبوونی خۆی تەئکید دەکاتەوە و دەفەرموویێت: ئێوە باوەڕبهێنن یان نەهێنن، بیپەرستن یان نا، مەدحی بکەن یان نا، خوای گەورە هەر سوپاسکراوە و تەسبیحاتی هەر بۆ دەکرێت، ئەمەش سیفەتی نەگۆڕێتی: ﴿وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾. هەروەکوو لە شوێنی تریشدا بە تەئکیدی زیاترەوە دەفەرموویێت: ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلْغَنِيُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿٦٤﴾﴾ الحج: ٦٤. چونکە تەنها خوای پەروەردگار بێباکە و پێویستی بە هیچ نییە. دەنا هەموو مەخلوقات نوقسانن و پێداویستییەکانیان لە هەموو کات و شوێن و حاڵەتێکیاندایە.

٤- (غني) بە مانای دەوڵەمەندیشە کە بەرامبەر هەژاری و دەستکورتی و موحتاجی بەکاردێت: ﴿وَمَن كَانَ غَنِيًّا فَلْيَسْتَعْفِفْ﴾ النساء: ٦، ﴿ٱلَّذِينَ يَسْتَـْٔذِنُونَكَ وَهُمْ أَغْنِيَآءُ﴾ التوبة: ٩٣.

ئایەتی حەوتەم:

﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبۡعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلۡتُمۡۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ۝٧﴾

واتـا: «ئەوانەی دیـد و ڕێـی کوفریـان گـرتەبەر لاف و گەزافـی ئەوە لێـدەدەن کە گـوایە هەتاهەتایە زیندوو ناکرێنەوە! بڵێ: بەدی، سوێند بە خوای پەروەردگارم زینـدوو دەکـرێنەوە و پاشان لێپرسینەوەتان لەسەر هەموو ئەو کار و کردەوانەتاندا لەگەڵـدا دەکرێـت کە کردووتـانە، ئەوەش کارێکە بۆ خوای گەورە ئاسانە بیکات».

- ﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ﴾:

١- ﴿زَعَمَ﴾: (الزَّعْم): گێڕانەوەی قسەیەکە کە ئەگەری درۆی زۆرترە، بۆ خۆهەڵکێشانە، یان داپۆشینی درۆ. دەشێت بە کوردی لاف و گەزاف لێـدان بێـت، کە ڕەفتـارێکە زیـاتر زەمکـراوە نەک پەسەند، هەروەکـوو لە قورئانـدا هەر لە زەمکردنـدا هـاتووە: ﴿بَلۡ زَعَمۡتُمۡ أَلَّن نَّجۡعَلَ لَكُم مَّوۡعِدٗا ۝٤٨﴾ الكهف: ٤٨، ﴿ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ أَيۡنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمۡ تَزۡعُمُونَ ۝٢٢﴾ الأنعام: ٢٢، ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِهِۦ﴾ الإسراء: ٥٦. لێرەشدا بەهەمان مانای پاڵانەکردن و گەزاف لێدانە.

٢- ئەمە جۆرێکی تری کـوفری کافرەکـانە کە باوەڕنەهێنانیـانە بە زینـدووبوونەوە و هـاتنی ڕۆژی دوایی و سزا و پاداشـتی ئەوێ، چـونکە دیـد و ڕێ و بـڕاوت و هەڵوێسـتێکە پێناسـەی حەقـیقەتە واقیعەکـانی (وجـوود)ە، کە زینـدووبوونەوە یەکێکیـانە، هەروەکـوو ئەو حەقەی لە ئایەتەکـانی پێشـوودا ئامـاژەی پێکـراوە: ﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ﴾، ﴿يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، ﴿وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ۝٣﴾.

٣- موشریکەکان لاف و گەزاف لێدانیان بە شێوەیەک دەربڕیوە کە دڵنیان و گومانیان تێیـدا نییە کە زیندوو ناکرێنەوە، چونکە قسە و دید و هەڵوێستەکەیان بە (لـن) تەئکیـد کـردۆتەوە کە مانای نەفیکردنی هەتا هەتایی دەگەیەنێت. وەڵامەکەیان بە تەئکیدێکی بەهێزتر و بە سـوێندەوە بۆ هاتۆتەوە، تا دید و هەڵوێستیان پووچەڵ بکاتەوە:

- ﴿قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبۡعَثُنَّ﴾:

- ﴿بَلَىٰ﴾ وەڵامی سەلماندنی هەواڵ و پرسیاری نەفییە: ﴿وَأَشۡهَدَهُمۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَلَسۡتُ بِرَبِّكُمۡۖ قَالُواْ بَلَىٰ﴾ الأعراف: ١٧٢، یان: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَأۡتِينَا ٱلسَّاعَةُۖ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتَأۡتِيَنَّكُمۡ﴾ سبأ: ٣. بەڵام بۆ وەڵامی پرسیار بە (همزة) و (هل) دەوترێت (نعم)، وەکوو: ﴿فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗاۖ قَالُواْ نَعَمۡۚ﴾ الأعراف: ٤٤. (بلی): لە زاری هەولێریدا (بەدی)یە، کە پڕاوپڕی (بلی)یە. وەکوو: "چما نەتاندیتییە؟ بەدی دیتوومانە".

- ﴿وَرَبِّي﴾: سوێندە بە خوای پەروەردگار. واتا خوای گەورە بە پەروەردگارێتیی خۆی سوێند دەخوات کە بەڵێ بە تەئکید زیندوو دەکرێنەوە. لە قورئاندا سێ جار خوای گەورە بەم شێوازە ئەو سوێندەی خواردووە:

- ﴿۞ وَيَسۡتَنۢبِـُٔونَكَ أَحَقٌّ هُوَۖ قُلۡ إِي وَرَبِّيٓ إِنَّهُۥ لَحَقّٞۖ﴾ یونس: ٥٣.

- ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَأۡتِينَا ٱلسَّاعَةُۖ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتَأۡتِيَنَّكُمۡ﴾ سبأ: ٣.

- هەروەها لەم سوورەتی تەغابوونەدا: ﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبۡعَثُنَّ﴾ التغابن: ٧.

- ﴿ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلۡتُمۡۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٧﴾:

- ﴿ثُمَّ﴾: پاشان، واتا دوای زیندووکردنەوەتان ماوەیەکی بەدوادا دێت (حەشر و ڕاوەستان و چاوەڕوانی)، ئینجا ئاگادار دەکرێنەوە لەوەی چیتان کردووە کە لە شوێنێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَكُلَّ إِنسَٰنٍ أَلۡزَمۡنَٰهُ طَٰٓئِرَهُۥ فِي عُنُقِهِۦۖ وَنُخۡرِجُ لَهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ كِتَٰبٗا يَلۡقَىٰهُ مَنشُورًا ١٣ ٱقۡرَأۡ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفۡسِكَ ٱلۡيَوۡمَ عَلَيۡكَ حَسِيبٗا ١٤﴾ الإسراء: ١٣ - ١٤، ئاوا نامەی ئەعمالیان دەدرێتێ و موحاسەبە دەکرێن لەسەری. واتا خودی هەواڵپێدانەکەتان خۆی لە خۆیدا دیاریکردنی سزاشە: ﴿إِلَيۡنَا مَرۡجِعُهُمۡ فَنُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓاْۚ﴾ لقمان: ٢٣.

- ﴿وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾: بێگومـــان ئەوە: زینـــدووکردنەوە و هەواڵپێـــدانی هەمـــووان و لێپرســـــینەوەیان بـــۆ خـــوای گەورە ئاســـانە: ﴿قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ یس: ٧٩. زیندووکردنەوەکە ئاسانتریشە لە خەڵقکردنی یەکەمجار، هەرچەندە هیچ شتێک بۆ خوای گەورە سەخت نییە تا ئەو ئاسان و ئەویان ئاسانتربێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ﴾ الروم: ٢٧، واتا لای ئێوە کارێکی قورسە، چونکە دەبینن جەستەی مردووەکە دەڕزێت و دەپووێت، پاشان دەبێتەوە بە خاک و خۆڵ، حەتمەن کۆکردنەوە و ڕۆح بەبەرداکردنەوەی سەختە و بۆ مرۆڤ مەحاڵە، بۆیە وا بەلایانەوە ئەستەمە. بەڵام خوای گەورە بۆ هۆشپێدان و داوای سەرنجدانیان دەفەرمووێت: بەڵام خوای گەورە کە زیندوو دەکاتەوە، ئاسانترە: ﴿وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ﴾.

ئایەتی هەشتەم:

﴿فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلنُّورِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلۡنَاۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٨﴾

واتا: «دەی سا باوەڕ بە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی و ئەو نوورە بهێنن کە ناردوومانەتە خوارەوە. خوای گەورە بە هەموو ئەو کارانەی دەیکەن ئاگادارە و وردەکارانە پەی بە هەمووی دەبات و دەیانزانێت».

١- ئەو (فاء)ەی لە سەرەتاوەیە پێی دەوترێت: (فاء الشرطية)، واتا: دەی سا گەر ئەم بەڵگانەتان بۆ ڕوون بۆوە لە خەلقی ئاسمانەکان و زەوی و خەلقی خۆتان و هاتنی پەیامی خوایی و تەئکیداتی زیندووبوونەوە و لێپرسینەوەتان، دەی کە مادام وایە باوەڕ بهێنن. سەرکەش و ملهوڕ مەبن و گوێ نەدەنە هیچ. هەر بەوە خۆهەڵخەڵەتێنن کە نابێت نێرراوی خوای گەورە مرۆڤ بێت!

- لەوە بگەڕێن و ڕوو لە خوای گەورە بکەن، باوەڕی پێ بهێنن و پەیامەکەی وەرگرن.

- باوەڕ بە پێغەمبەرەکەی بهێنن و ببنە شوێنکەوتووی.

- باوەڕ بەو نوورە بهێنن کە ناردوومانەتە خوارەوە کە قورئانەکەیە: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ نُورٗا مُّبِينٗا ١٧٤﴾ النساء: ١٧٤، ئەم قورئانە نووری بەرچاوان و ڕۆشنیی هزر و ڕووناکیی دڵ و ویژدانە. ئەم نوورە سەرچاوەی بەڵگە و نیشانەی بەرچاوڕوونیی دنیا و قیامەتە، نووری ڕێنیشاندانە، چونکە وەحیی خوای کردگارە: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدٗى وَنُورٞۚ﴾ المائدة: ٤٤.

- باوەڕهێنان بەم قورئانە باوەڕهێنانە بە هەموو ڕوکنەکانی نادیار (غەیب): ﴿الٓمٓ ١ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣ وَٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ وَبِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ ٤﴾ البقرة: ١ - ٤. ئەم قورئانە نوورە، هەموو تاریکیەکانی نەزانین و گومان و شیرک و کوفر و دووڕوویی دەڕەوێنێتەوە و مایەی پارسەنگیی موسڵمانان و سەرفرازییانە، چونکە ڕێبازی ڕاستی خوای گەورەیە: ﴿مَا كُنتَ تَدۡرِي مَا ٱلۡكِتَٰبُ وَلَا ٱلۡإِيمَٰنُ وَلَٰكِن

جَعَلۡنَٰهُ نُورٗا نَّهۡدِي بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنۡ عِبَادِنَاۚ وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ۝٥٢ ﴾ الشورى: ٥٢.

- ﴿أَنزَلۡنَا﴾: له شێوازی باسکردنەوە دێتە سەر دوواندن وەفەرموویت لێ ئێمە ناردوومانەتە خوارەوە تا زیاتر هانیان بدات باوەڕ بهێنن و دڵنیابن لەوەی کە لە خوای گەورەوە ڕاستەوخۆ هاتووە.

- ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ﴾: خوای گەورە ئاگادارە، زانایە بەو کارانەی دەیکەن. ئەمە هەم هەڕەشەیە لێیان، هەم هاندان و مژدەدانە پێیان، کە ئەگەر باوەڕتان نەهێنا و یاخیبوون، ئەوە چارەنووسێکی بەدی وەکوو ئەو کافرانەی پێش خۆتان چاوەڕێ بکەن. ئەگەر باوەڕیشتان هێنا و پەیامی خواتان گرتەبەر، ئەوە ئێوەش لە ڕیزی ئەهلی ئیمان هەژمار دەکرێن و بە دڵنیاییەوە پاداشتتان مسۆگەر دەبێت.

- ﴿خَبِيرٞ﴾ زانا و شارەزایە، کە ئاگای لە دید و ڕوانگە و تێڕوانین و بیروباوەڕ هەیە کە لە دڵ و هزر و ویژداندا دەبێت یان نابێت. هەروەها ڕەفتار: کە گوفتار و کردار و بڕیارە تا بزانن کە ناتوانن بە موجامەلە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ڕایی بکەن و لە ناخیشیاندا کوفریان حەشاردابێت. باوەڕهێنانەکە بۆ خوای شارەزایە کە ئاگای لە نهێنی و شاراوەتر هەیە.

ئایەتی نۆیەم و دەیەم:

﴿يَوۡمَ يَجۡمَعُكُمۡ لِيَوۡمِ ٱلۡجَمۡعِۖ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلتَّغَابُنِۗ وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعۡمَلۡ صَٰلِحٗا يُكَفِّرۡ عَنۡهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُدۡخِلۡهُ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ٩ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ١٠﴾

واتا: «ڕۆژێک دێت کە هەمووتان بۆ ڕۆژی کۆبوونەوە (حەشر) کۆ دەکاتەوە. ئەو ڕۆژە کە ڕۆژی زیانلێکەوتنە، هەر کەسێک باوەڕ بهێنێت و کاروکردەوە چاکەکان ئەنجام بدات ئەوە خوای گەورە لە هەموو گوناحەکانی دەبووریێت و دەیخاتە ئەو بەهەشتەی خۆیەوە کە جۆبار (جۆگە و ڕووبار) بەژێریدا دێت و دەڕوات و هەتا هەتایە بە نەمری تێیدا دەمێننەوە. ئا ئەوەشە سەرفرازیی مەزن و گەورە و بە نرخ. ئەمما ئەو کەسانەی کە ڕێبازی کوفریان گرتەبەر و ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ خستەوە، ئەوانە ئەهلی ئاگری دۆزەخن و بە نەمری تێیدا دەمێننەوە. ئەوەش بەڕاستی چارەنووسێکی خراپ و دژوارە».

- ﴿يَوۡمَ يَجۡمَعُكُمۡ لِيَوۡمِ ٱلۡجَمۡعِۖ﴾:

١- ڕۆژی قیامەت خوای گەورە هەموو مرۆڤی تێدا کۆ دەکاتەوە، لە سەیدنا ئادەمەوە علیه السلام تا هەموو ئەو کەسانەی کە دنیایان لەسەر کۆتا دێت. هەر هەموو لە ساحەی مەحشەردا کۆ دەکرێنەوە: ﴿هَٰذَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِۖ جَمَعۡنَٰكُمۡ وَٱلۡأَوَّلِينَ ٣٨﴾ المرسلات: ٣٨.

٢- کە دەفەرموویێت: ﴿لِيَوۡمِ ٱلۡجَمۡعِ﴾، لامەکە (لامی تەعلیل)ە، واتا لەبەر ئەو ڕۆژە هەمووتان کۆدەکاتەوە. هەروەکوو کە دەشێت (لامی تەوقیت) بێت، واتا لەوکاتی کە بڕیاریداوە ڕۆژی حەشرە هەمووتان بێ دوواکەوتن زیندوو دەکاتەوە. ئەمەش خۆی مەبەستێکە لە هۆشپێدانی کافرەکان کە زیندووکردنەوەکە وەک حەتمیە؛ زۆر نزیک و خێراشە، ئەمەش ڕەدکردنەوەی پاڵانتەکردنەکەیانە کە گوایە زیندوو ناکرێنەوە: ﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ﴾ التغابن: ٧.

لامی تەوقیت نموونەی تری لە قورئاندا زۆرە، وەکوو: ﴿أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِدُلُوكِ ٱلشَّمۡسِ﴾ الإسراء:

٧٨، واتا له كاتی زەوالدا كە خۆر لە چەقی ئاسمانەوە بەرەو خۆرئـاوا لار دەبێـتەوە. لێرەشـدا بە تەئكیدەوە دەفەرمووێت كە لەو ڕۆژە كە ڕۆژی كۆبوونەوەیە هەمووتان زیندوو دەكاتەوە.

لە شوێنی تریشدا بە (یوم الجمع) هەر ناوی بردووە: ﴿وَتُنذِرَ يَوۡمَ ٱلۡجَمۡعِ لَا رَيۡبَ فِيهِۚ﴾ الشورى: ٧.

- ﴿ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلتَّغَابُنِۗ﴾: ئا ئەو ڕۆژەیە ڕۆژی تەغابون.

التغابن: كە لەسەر كێشی (التفاعل)ە، واتا دوو لایەن و زیاتر بەشدارن تێیدا.

- ئەسڵی (تغابن) لە (غبن)ەوە هاتووە. (غُبْن) و (خُبْن) هەردووكیان بریتین لەو زیانەی كە بەسەر فرۆشیاردا دێت كە كاڵاكەی بە نرخێک فرۆشتووە كەمتر لەوەی لەسەر خۆی كەوتووە. واتا غوبنی بەسەر خۆیدا هێناوە. (غُبْن) بۆ زیانی شاراوەی لەم جـۆرەیە و، (خُـبْن) بـۆ زیـانی ئاشكرایە كە كڕیار و ئەهلی بازاڕ، یان ئامادەبووەكانیش بـزانن كە ئـاوا زیـانی لـێ كەوتـووە، چونكە لە سەرمایەكەشی كەم بۆتەوە.

ئەم ڕۆژی حەشر و حسـاباتەش لە هەمـوو ڕوویەكەوە زیـانی ئەهلـی كـوفرە، چـونكە ئەو تەمەن و سـامان و هەڵوێسـتەی لە ژیانـدا هەیـانبوو كە سـەرمایەیان بـوو، دەیـانتوانی وەكـوو ئیماندارانە بیكەنە مایەی بازارگانیی بەسوود لەگەڵ خوای گەورەدا، بەڵام ئەمان لە نەفـامی ول ووتبەرزی و هەوا و هەوەسیاندا وایان زانی چێژەكـانی دنیایـان قـازانجی سـەرمایەی تەمەنە، بەڵام لە قیامەتدا بۆیان ڕوون دەبێتەوە كە وەكوو كە قازانجیان نەكردووە وا سەرمایەكەشیان لە دەست دەچێت، چونكە دەبینن ئەهلی بەهەشـت كە لە دنیـای ئەوانـدا مەحـرووم و پەڕیـدە و چەوساوەبوون، ئەوەتا ڕەزامەندیی خوای گەورەیان بەدەست هێناوە و بەهەشتیشـیان خەڵاتە لە بەرامبەر زەلیلی و چاوشۆڕی و ڕسوایی ئەواندا. ڕۆژی تەغابون ڕۆژی هەسـتكردنە بە زیـان و دۆڕان، خوا بمانپارێزێت.

- ﴿وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعْمَلْ صَٰلِحًا يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًاۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ۝٩﴾:

١- باوەڕ و کردەوەی چاک (إيمان وعمل صالح)، وەکوو (نظرية وتطبيق)، (فكر وممارسة)، هەموویان دوو لایەنی ئیعتیقاد و لایەنی بەکردەوەکردنی ئیعتیقاد دەخوازن. باوەڕ دوای ئەوەی بەو شێوە ڕەسەنە لە ناخی موسڵماندا دەچەسپێت کە خوای گەورە ویستوێتی، کە حەقیقەتە عەقائیدییەکانی لە ناخی موسڵماندا دەبنە بەڵگەنەویست و هیچ گومان و ڕاڕایی و دوودڵییەک نایانلەقێنێت؛ ئەوکاتە هەر خۆی دەبێتە پاڵنەری کارکردن. بەڵام مەرجە کارکردنەکە ئەوانەبن کە شەرع فەرموویەتی کردەوەی چاکن، لە خواپەرستیەکان و مامەڵە حەڵاڵەکان و بزاوتی شەرعییانە و جیهاد لە پێناوی خوا و سیاسەتی شەرعی و دەرهێنانی خێروبێری زەمین و بەکارهێنانی بۆ کامەرانیی مرۆڤایەتی... هەر کردەوەیەک بۆ خوای گەورە ئەنجام بدرێت و مەبەست لێی ڕەزامەندیی ئەو بێت؛ دەبێت ڕوکنی دووەمیشی تێدابێت کە بەپێی شەرع دەبێت، کەوابوو کردەوەی چاک ئەوەیە کە بۆ خوایە و بەپێی سیرە و سوننەتی پێغەمبەری خوایە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ)، واتا (الإخلاص والطاعة)ی تێدایە.

٢- ئەو کەسەی کە ئەم دوو ڕووکنە (الإيمان والعمل الصالح) ئەنجام دەدات و پێیان پەروەردە دەبێت؛ دەبێتە موسڵمانی چاک و چاکساز (صالح ومصلح)، خۆی لەخۆیدا پیاوچاکە و چاکیشی لێ دەوەشێتەوە. ئا ئەم داڕشتنە سەختەی کە ڕەنگە نیوەی تەمەن بخوازێت و لە هەندێ لایەنیدا هەموو تەمەنی دەخوازێت؛ ئەمە داواکراوەکەیە. ئا ئەمەیە کە ئەم هەموو پاداشتەی بۆ دابینکراوە:

أ- ﴿يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ﴾: هەموو گوناحەکانی دەسڕێتەوە. پاک و پاڵفتە دەبێت وەکوو ئەو ڕۆژەی لە دایک بووە!

ب- ﴿وَيُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ﴾: دەیخاتە بەهەشتەکانیەوە. ئەم کەسە لە موحاسەبە دەرچووە، ڕەزامەندیی خوای گەورەی بەدەست هێناوە، ئیتر حەتمەن پاک و پاڵفتە دەکرێت تا شایستەی

بەهشتی خوای گەورەبێت. چونکە ئەوانەی دەچنە بەهەشتەوە هەموو خواناس و پاک و سەرڕاستەکانن. تەسەوری خۆت بکە ئەگەر چوویتە بەهەشت. تۆ کەمترین کەسیان بوویت کە شیاو کراویت!! ئەوانی تر هەموو لە تۆ چاکتر بوون! ئەمە هەر لوتف و ڕەحمەت و کەرەمی خوای گەورەیە کە ئەو خەڵکە کەمتەرخەمەش دەخاتە بەهەشتەوە، بەهەشتێک کە مەنزڵگای پێغەمبەران و سدیقان و شەهیدان و پیاوچاکانە. بەهەشتانێک کە خوای گەورە باسی هەموو چێژەکانی کردوون لە: گەشەی ڕۆح و دیتنی خوای گەورە، بۆ ئاسوودەیی دەروون و چێژی جەستە، چێژەکانی خۆراک و خواردنەوە و جنس، چێژەکانی دیتن و بیستن و بۆنکردن و دەست لێدان و هەموو چێژەکانی خواردن و خواردنەوە!

ج- ﴿تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ﴾: لەم بەهەشتەدا، لەم مەنزڵە جیاوازانەدا لە خۆشترین حاڵەتدا دەبن و بە نەمریش تێیدا دەمێننەوە. نەمری واتا نەبڕانەوە! بێ ئازار و ژان، بێ مەلەلگرتن و بێزاری، بێ نەخۆشی و مردن!

- ﴿ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ٩﴾: ئا ئەمەیە سەرفرازیی مەزن، ئەمەیە سەرکەوتن و دەرکەوتن و خەڵات وەبەرکەوتن. حاڵەتێک خوای گەورە ناوی بنێت (فوز)، مەدحیشی بکات کە (عظیم)ـە و بە ناوی ئاماژەی (ذالـكَ)ش هەموو سەرکەوتنێک بخاتە چوارچێوەی ئەمەوە: ئا ئەمەیە سەرفرازیی مەزن. بەڕاستی لوتکەی هەموو سەرکەوتنێکە کە هیچ پلە و ئاستێکی لە سەرووەوە نییە. خوای گەورە مەحروممان نەکات لێی، ئامین.

- ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ١٠﴾:

- ئەمما ئەوانی بەرامبەر کافرەکان، کە بە زانین و لووتبەرزی و گوێنەدان خۆیان گەیاندە ئەو حاڵەتەی زیانی گەورە و نەبڕاوە: ﴿قُلۡ إِنَّ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَأَهۡلِيهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ﴾ الزمر: ١٥. ئا ئەمانەی زیانی هەموو شتێکیان، لێکەوت لە بازرگانییەکەیاندا ئیفلاس بوون! بەڵام بەرامبەرەکانیان گەیشتنە ئەو سوود و قازانجە خەیاڵییەی لە بازرگانییەکەیاندا وەل خوای گەورەدا لە دنیادا دەیانکرد، کە خوای گەورە لە دنیادا پێیدەفەرموون: دڵنیابن ئەم کەسابەتەتان، ئەم بازرگانییەتان لەگەڵ خوای گەورەدا هەرگیزاوهەرگیز زیانی بەدوادا نایات.

به دڵ سـەرنجدەرە ئەم کاسـبی و بەڵـێن و ئەنجـامە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ ٢٩ لِيُوَفِّيَهُمۡ أُجُورَهُمۡ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضۡلِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ غَفُورٞ شَكُورٞ ٣٠﴾ فاطر: ٢٩ - ٣٠.

لەو کاتەدا کە موسڵمانان ڕووسووری لای خوای گەورە و سەربەرزی قیامەت و ئاسوودەن، چونکە لەسەر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ئیماندارانەیان بەردەوام بوون: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٥﴾ البقرة: ٥، ئەمانە ئاوا سەرفراز بوون. ئەمما کافرە گێلەکان کە ژیان و چێژی دنیا هەڕاڵی کـردن و لـووتبەرزانە ڕەفتاریـان کـرد، ئەوەتـا لەوپەری زیانـدان!: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ١٠﴾.

عەللامە شەنقیتی (رحمە اللە) دەفەرمووێت: زانایانی ئیسلام حەقیقەتێکیان باسـکردووە کە جێ سەرنجە، دەفەرموون: هەموو مرۆڤێک جێگایەکی لە بەهەشت و جێگـایەکی لە دۆزەخـدا هەیە، کە ئەهلی بەهەشت دەچنە بەهەشتەوە جێگاکەی دۆزەخیـان بـۆ ئەهلـی دۆزەخ دەبێـت، هەروەها کە ئەهلی دۆزەخ دەچنە دۆزەخەوە، جێگاکەی بەهەشتیان بۆ ئەهلی بەهەشت دەبێت. ئاوا موسڵمانەکان شادمانتر دەبن، کافرەکانیش پڕ حەسرەت و پەشیمانی و پڕ ژان و خەم!

ئایەتی یازدەیەم:

﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١١﴾﴾

واتا: «هەر کێشە و ناڕەحەتی و بەڵایەک دێتە ڕێ؛ حەتمەن بەپێی فەرمانی قەدەریانەی خوای گەورەیە کە پێشتر بڕیاری لەسەر داوە، جا هەر کەسێک تەسلیم بە فەرمانی خوای گەورە ببێت، خوای گەورەش دڵقایمتری دەکات و ڕێنمایی دڵنیایی و یەقینی دەکات، خوای گەورە ئاگاداری هەموو شتێکە و شارەزایەتی».

- ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ﴾:

١- قورتوبی دەفەرموویت: وتراوە کە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە ئەوەبوو کە کافرەکان بە موسڵمانانیان دەوت، ئەگەر ئەوەی موسڵمانان دەیڵێن دیندارییەکی ڕاست بووایە، خوای گەورە لە بەڵا و موسیبەتی لادەدان و نەیدەهێشت تووشی هیچ ببن.

٢- موسیبەت کە هەر (مصیبة)ی عەرەبییە و خەڵکی وا دەزانن بەڵا و خراپە و کوێرەوەرییە، بەڵام لە ڕاستییدا واتای ئەوەیە کە تووشت دەبێت و دێتە ڕێت، ئیتر مەرج نییە هەر خراپە بێت: ﴿مَّآ أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ ۚ وَأَرْسَلْنَٰكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿٧٩﴾﴾ النساء: ٧٩. کەوابوو موسیبەت دەشێت هاتنەڕێی چاکەش بێت.

٣- ئەسڵی (مصیبة)ەکە (مُصیبٌ)ە، واتا ئەوەی کە تووشت دێت، بەڵام لەبەر ئەوەی باسی ڕووداوە و ڕووداویش لە عەرەبیدا (حادثة)یە و (مؤنث)ە؛ ئەمیش بووە بە (مصیبة)، واتا (حادثة أصابتك) یان (حادثة مصیبة)، وەکوو دەفەموویت: ﴿أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّىٰ هَٰذَا ۖ﴾ آل عمران: ١٦٥، ئاماژەی شکستەکەی غەزای ئوحودە کە بەسەر یاوەراندا هات.

٤- ﴿إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ﴾: (إذن) مۆڵەتدان (إجازة)یە، واتا ڕێپێدان، لێرەشەوە ڕێپێدانی چوونەماڵان بووە بە (إذن).

ئیبنو عەباس (خوا لێیان ڕازی بێت) دەیفەرموو: واتا (بأمرالله)، واتا بە فەرمانی قەدەریانە و ویستی خوای گەورە دەبێت.

٥- ئەم دەقە کورتە حەقیقەتێکی عەقائیدی دەسەلمێنێت و دەچەسپێنێت کە ئێجگار کاریگەرە و جێگیربوونی بێ دوودڵی و گومان پارسەنگییەکی تەواو لە دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشتی موسڵماندا دروست دەکات، چونکە قەناعەتی تەواوی لەسەر ئەوە دادەمەزرێت کە هیچ بزاوت و سرەوتێک لە گەردوون و ژیان و مرۆڤدا بەبێ قەدەری خوای گەورە ڕوونادات. واتا هەموو بزاوت و سرەوتێک بە **(زانین و ویست و توانا)**ی خوای گەورەیە کە بکەری بێ وێنەیە. لقێک لەمە بریتییە لە دڵنیابوون لەوەی کە هەرچی بەڵا و کێشە و موسیبەتێک دێتە ڕێی موسڵمان پێشتر لە قەدەری خوای گەورەدا نوسراوە و حەتمەن دەبوو بێتە جێ، ئەمەش کۆڵی قورسی خەم و حەسرەتی لەسەر سووک دەکات و دەبێتە مایەی زیاتر سەبرگرتن، کە دەبێتە زەخیرەی قیامەت و مایەی پاداشت، هەر وەکوو لە فەرمووودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (عَجَبًا لأَمْرِ المُؤْمِن، إنَّ أمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ، وليسَ ذاكَ لأَحَدٍ إلَّا لِلْمُؤْمِنِ، إنْ أصابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ، فَكانَ خَيْرًا له، وإنْ أصابَتْهُ ضَرَّاءُ، صَبَرَ فَكانَ خَيْرًا له)[1]، واتا: «بەڕاستی هەڵوێستی موسڵمان سەیرە، خوای گەورە هەر فەرمانێکی قەدەریی خۆیی بۆ دابێت هەر خێرەوەدەرە بۆی، ئەوە بۆ کەسی تری غەیری موسڵمان وا نییە. ئەگەر تووشی خۆشی ببێت سوپاسی خوای گەورەی لەسەر دەکات، ئەوە بە خێر بۆی دێتەوە. ئەگەر تووشی ناڕەحەتیش ببێت، سەبری لەسەر دەگرێت، ئەوە ناڕەحەتیەکەشی هەر بە خێر بۆ گێڕا (لە هەردوو حاڵەتەکەیدا پاداشتی بۆ دەنوسرێت)».

٦- خوای گەورە کە باس لەم ڕێسایە دەکات: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ﴾ لە شوێنێکی تردا: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مِّن قَبۡلِ أَن نَّبۡرَأَهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ٢٢﴾ الحديد: ٢٢، واتا: «هەموو گرانی و لافاو و بوومەلەرزە و زریان و تۆفان وک ارەساتی تر کە بەسەر زەویدا دێت، یان ناڕەحەتیی نەخۆشی و بەزین و کوێرەوەری و کێشە کە بەسەر تاک تاکی

(١) موسلیم (٢٩٩٩).

ئێوەدا دێت؛ هەر هەموویان پێشتر نووسیوە و پێش ئەوەی ڕووبدەن لامان تۆمارکراوە، ئەمەش کارێکی ئاسانە بۆ خـوای گەورە». کەوابـوو پـێش ڕوودانـی ڕووداوەکـان (بـزاوت و سرەوت) پێشتر بڕیاری قەدەریی خوای گەورەیان لەسەر دراوە. پێش ئەوەی مەخلووقاتەکانیش دروست بین، چ جای پێش ڕوودانـی موسـیبەتەکان. هەر ئەم حەقـیقەتە عەقائیـدییەیە کە دەربـارەی بە ئەداتی نەفیـی هەمیشـەیی (لَـنْ) دەفەرمووێـت: ﴿قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوۡلَىٰنَاۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴿٥١﴾﴾ التوبة: ٥١. ئەمـانە بڕیـارن و دراون، بەڵام خـوای گەورە بە موسڵمانانی ڕادەگەیەنێت تا کاتێک دێتە ڕێیان لە دینداری شل نەبن و ئاگایـان لە هەڵوێسـتیان بێت و سەبریان شل نەبێت، وەکـوو دەفەرمووێـت: ﴿وَلَنَبۡلُوَنَّكُم بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلۡخَوۡفِ وَٱلۡجُوعِ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ ﴿١٥٧﴾﴾ البقـرة: ١٥٥ - ١٥٧. ئـاوا بـۆ ئەوەی ئامادەی دەروونیانە و ماددیانەی موسیبەتەکەبن و پارسـەنگانە بمێـنن: ﴿لِّكَيۡلَا تَأۡسَوۡاْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمۡ وَلَا تَفۡرَحُواْ بِمَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ﴾ الحديد: ٢٣، واتا: «تـا خەفەت بـۆ ئەوە نەخـۆن کە لە دەسـتتان چـووە، واش دڵخـۆش نەبـن بەوەی پێتـان دراوە کە هەڕاڵ بـبن و شـوکرانە بژێریتـان بیـر بچێتەوە!».

٧- مەبەسـت لێـرە و لە ئایەتەکـانی تـری باسـی ئەم ڕێسـا عەقائیـدییەدا ئەوەیە کە ئەوە بسەلمێنێت کە هەرچییان دێتە ڕێ لە خوای گەورەوەیە، چونکە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشـتی هەر وا دەزانێـت ئەو شـتە چاکـانەی دەسـتی کەوتـوون لە ڕەنجـی خـۆیەوەتی، بەڵام بەڵا و موسیبەتەکانی دەستی خۆی تێدا نییە و تووشی بووە. وەکوو کە قاروون دەربارەی سـەرووەت و سامانەکەی خۆی دەیوت: ﴿إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ﴾ القصص: ٧٨، واتا: «ئەمەی دەستم کەوتووە لە زیرەکی و لێزانینی خۆمەوە بووە!». کە تووشی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنیش دێن، دەڵێن: ﴿وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبۡتَ عَلَيۡنَا ٱلۡقِتَالَ﴾ النساء: ٧٧.

خوای گەورە دەیەوێت ئەم ڕێسا عەقائیدییە گەردوونیەی ژیان و دیـن و دینـداری لە دڵـی موسڵماندا وا بچەسپێنێت کە هەست بکات هەرچی دێتە ڕێـی لە قـازنجی خـۆیەتی. ئەم خـۆی

هەروەهـا مرۆڤـی وەکـوو خـۆی وا دەزانـن موسـیبەت خـراپە، لە ڕاسـتیدا خـوای گەورە کە عەبدێکی خۆیی خۆش ویست تووشی کێشە و ناڕەحەتیی دەکات تـا لە گونـاح پـاڵفتە ببێـت و شایستەی ئەوە ببێت کە ببێتە ئەداتـی قەدەری خـوایی. بەڵام خـۆ هەمـوو موسـڵمانێک ئـاوا لە ڕێسای هاتنی موسیبەت تێناگات و ئاواش خۆی لەبەردا ناگرێت، مەگەر ئەوانەی کە ئەم ڕێسا عەقائیدییەیان لا چەسپاوە.

لە دوای باسی ئەم ڕێسا عەقائیدییە باسـی لە هیدایەتـدانی دڵـی ئیمانـدار دەکـات، ئەینجـا داوای لێ دەکات کە گوێڕایەڵی فەرمانی خوای گەورە و گوێڕایەڵی فەرمـانی پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ببێت، چونکە ئەوە سیما و سیفەتی موسڵمانە.

دوای ڕوونکردنەوەی ڕێسا عەقائیدییەکەی: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ﴾ دێـتە سـەر ڕێسایەکی تر:

- ﴿وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ يَهۡدِ قَلۡبَهُۥۚ﴾: هەر کەسێک باوەڕ بە خوای گەورە بهێنێت دڵـی هیـدایەت دەدات.

١- هەر کەسـێک بەڕاسـتی بـاوەڕی بە خـوای گەورە هێنابێـت کە کردگـار و خـاوەنە، کە ژێنەر و مرێنەرە، کە زانا و دانا و بەتوانایە و ئاگاداری هەموو شتێکە. هەر کەسێک باوەڕی بە خوای گەورە هێنابێت کە تاک و بێ وێنە و شایستەی هەموو جۆرە پەرستنێکە، کە دەسەڵاتدار و کارگێڕ و بکەری سەربەست و دادپەروەرە و خێر و خۆشیی موسڵمانی دەوێت. ئەو کەسـەی ئاوا باوەڕی بە خوای گەورە هێناوە و ئەم باوەڕەی خستۆتە کار و لە نییەت و بڕیار و گوفتار و کرداریـدا، لە دیـد و ڕێ و بـزاوت و هەڵویسـتیدا خواناسـی و خواویسـتی دەسـەلمێنێت و دەچەسپێنێت، حەتمەن باوەڕیشی وا دەبێت کە هەرچی تووشی دێت لە خێر و شەڕ، لە چاکە و خراپە، لە سەلامەتی و نەخۆشی، لە ئەمـان و تـرس، لە سـەرکەوتن و شکسـت، لە هەبـوون و نەبـوون، هەمـوو تەنهـا لە خـوای گەورەوەیە و هەر هەمووشـی لە بەرژەوەنـدییەتی؛ حەتمەن سەرڕاسـتانە تەسـلیم بە قەدەری خـوای گەورە دەبێـت و دینـدارانە ڕووبەڕووی بەڵا و موسیبەتەکانی ڕێی دەبێتەوە. جا کە ئاوا بۆ خوا سـوڵحی و عەبـدایەتییەکی سەرڕاسـتانەی بـۆ

خوا نیشاندا؛ خوای گەورەش -کە ئاگای لە ئاشکرا و پەنهانەکانێتی- حەتمەن لەسەر دینەکە جێگیرتری دەکات و بە نووری خۆی ڕێنمایی دەکات. دڵی هێمن و ویژدانی ئاسوودە و سینەفراوان و خۆگری دەکات. بە هەموو شێوەیەک هێمنی و ئارامی و ئەمانی پێدەبەخشێت: ﴿وَلَا تَهِنُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ١٣٩ إِن يَمۡسَسۡكُمۡ قَرۡحٞ فَقَدۡ مَسَّ ٱلۡقَوۡمَ قَرۡحٞ مِّثۡلُهُۥۚ وَتِلۡكَ ٱلۡأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيۡنَ ٱلنَّاسِ﴾ آل عمران: ١٣٩ - ١٤٠.

٢- ئەم ئیماندارە خۆگرە کە لە کاتی موسیبەتدا پارسەنگی خۆی لە دەست نادات؛ شایانی ئەو مژدە خواییەیە کە دەفەرمووێت: ﴿وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٥٥ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ١٥٦ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ ١٥٧﴾ البقرة: ١٥٥ - ١٥٧. هیدایەتدراو و ڕێنماییکراو، ڕێنیشاندراوی بەرچاو ڕۆشن و دەروون ئاسوودە و پارسەنگ ئاوانەن. ئێرەش: ﴿يَهۡدِ قَلۡبَهُۥ﴾ وەکوو ئەوێیە: ﴿عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ ١٥٧﴾ البقرة: ١٥٧.

٣- هیدایەتدان لە دنیادا دوو جۆرە:

أ- ڕێ نیشاندان بۆ خواناسی و خواپەرستی و دینداریێتیی سەرڕاستانە بە گەیشتنە حەق، بە ڕوونبوونەوەی حەق لە پێشی، وەکوو کە پێغەمبەرانی خوا (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) تەشریفیان هێناوە و ڕوونیان کردۆتەوە: ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى ٱلۡهُدَىٰ﴾ فصلت: ١٧. هەروەها: ﴿وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٥٢﴾ الشورى: ٥٢.

ئەمە ئەو هیدایەتەیە کە ئیمامی ئیبنولقەییم (رحمه الله) لە (مدارج السالكين)دا دەفەرمووێت: **(البيان والدلالة)**یە.

ب- پابەندبوون و مانەوە لەسەر دین و دینداری. ئەمەش بە مانای: **(الثبات والتوفيق، الدوام والسداد)**ە، بەم مانایە یە کە ئێمە بەردەوام لە نوێژەکانماندا دەڵێین: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦﴾ الفاتحة: ٦، واتا: «خوایە لەسەر ئەم ڕێبازە ڕاستەی خۆت جێگیرمان بکە دوای ئەوەی ڕێنماییت کردین بۆ زانین و قبوڵکردن و گرتنەبەری».

- ﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ١١﴾:

دوای باسی جۆرەها موسیبەت کە دێتە ڕێی خەڵکی، کە خـوای گەورە ڕوونـی کـردەوە کە هەمووی بەپێی قەدەری خوای گەورەیە، واتا بە زانین وتوانین و ویسـتی خـوای گەورەیە، ئەم تەئکیدە دەکاتەوە کە خوای گەورە ئاگای لە هەر هەموو شتێک هەیە و زانایە پێیـان، کەوابـوو هەرچی دێشتە ڕێتان لە قەدەری خوای کارزان و دانا و کارجوانەوەیە.

ئایەتی دوازدەیەم:

﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ١٢﴾

واتـا: «گـوێڕایەڵی فەرمـانی خـوای گەورە بـکەن و گـوێڕایەڵی فەرمـانی پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بکەن، ئەگەر پشت هەڵکەن و گوێ نەدەنێ؛ ئەوە بەرپرسێتیی خۆتان و دیـد و هەڵوێستتان لە ئەستۆی خۆتانـدا دەمێنێـت، چـونکە پێغەمـبەرەکەی ئـێمە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هەر ڕاگەیاندنی ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاوی دینەکەی لەسەرە».

- ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَۚ﴾:

١- دوای باسی ڕێسا عەقائیدییەکانی موسیبەت و تەسـلیمبوون بە قەدەری خـوای گەورە و مەدحی ئەوانەی پارسـەنگی دینـدارێتی خۆیـان لەوکاتـانەدا دەپـارێزن، داوایـان لێـدەکەن کە گـوێڕایەڵی بـۆ خـوای گەورە و بـۆ پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەرببـڕن و، وانەبـن کە ئینفیعالاتی خۆیان و خەم و تینی کارەساتەکانیان لە گوێڕایەڵێتیدا شلگیر بین.

ئیمامی زوهری (رحمه الله) کە قوتابیی یاوەرانە، دەیفەرموو: لە خوای گەورەوە پەیـامەکە و لە پێغەمبەری خـواوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) گەیانـدن و ڕوونکـردنەوەی، لە ئێمەشـەوە قبـوڵکردن و تەسلیمبوون پێی.

٢- باوەڕهێنان دەبێت چەندین مەرجی تێدابێت، لەوانە: زانین و قبوڵکردن و لێ دڵنیابوون و تەسلیمبوون پێی و ملکەچی دەربرین... گوێڕایەڵیکردن و ڕاپەڕاندنی فەرمانی خـوا و فەرمـانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هەنگاوی دووەمی ئیمانداریيە، چـونکە نیشـانەی قبـوڵکردن و تەسلیمبوونە بە دینەکە، بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) موعازی کوڕی جەبەلی (خوا لێی ڕازی بێت) کە بۆ یەمەنی نارد، پێی فەرموو: (إِنَّكَ سَتَأْتِي قَوْمًا أَهْلَ كِتَابٍ، فَإِذَا جِئْتَهُمْ، فَادْعُهُمْ إلى أَنْ يَشْهَدُوا أَنْ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وأَنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّهِ، فإنْ هُمْ أطَاعُوا لكَ بذلكَ، ... فإنْ هُـمْ أطَاعُوا لكَ بذلكَ، فأخْبِرْهُمْ أنَّ اللَّهَ قدْ فَرَضَ عليهم صَدَقَةً...)[1]، واتا: «دەچیتە ناو خەڵکێکەوە

(١) بوخاری (١٤٩٦) لەفزەکەش هی ئەوە، هەروەها موسلیم (١٩).

کە ئەهلی کیتابن (خەڵکی یەمەن مەسیحی بوون)، کە چـوویتە لایـان بانگیـان بـکە بـۆ ئەوەی شایەتمان بێنن (أنْ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّهِ)،... ئەگەر گوێڕایەڵییان لەمەدا کردیت (باوەڕیان هێنا)، پێیـان بڵـێ کە خـوای گەورە زەکاتیشـی لەسـەر فەرز کـردوون...». کەوابـوو گوێڕایەڵی و ملکەچیی شەرع هەنگاوی دووەمی موسڵمانبوون و نیشانەی موسڵمانێتییەکەیە.

٣- گوێڕایەڵیکردن کە ئەنجامدانی فەرمان و دوورکەوتنەوەیە لە بەرهەڵستی بـۆ پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لە ژیانیـدا و بـۆ شـەریعەتەکەی لە پـاش خـۆی دەردەبڕێـت، چـونکە گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هەر بە گوێڕایەڵیکردنی خوای گەورە حسـێبە: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ﴾ النساء: ٨٠.

- لەبەر ئەمەیە کە جاری وا هەیە بە یەک فەرمانی ﴿أَطِيعُواْ﴾ بۆ گوێڕایەڵیی خوای گەورە و بۆ گوێڕایەڵیی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دێت، وەکوو: ﴿قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَۖ﴾ آل عمران: ٣٢، ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ﴾ آل عمران: ١٣٢. یـان: ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ﴾ الأنفال: ١، ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ الأنفال: ٢٠، ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ الأنفال: ٤٦.

- جاری واش هەیە بە جیـا دەفەرموێـت: ﴿۞يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ﴾ محمد: ٣٣.

- جاری واش هەیە هەر بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێت: ﴿وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ۝٥٦﴾ النور: ٥٦.

- یان هەر بە گشتی دەفەرموێت گوێڕایەڵ بن، چونکە ئاشکرایە کە مەبەستەکە گوێڕایەڵیی خـــوای گەورە و پێغەمبەرەکەیەتـــی (عَلَيۡهِٱلصَّلَاةُوَٱلسَّلَامُ): ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ وَٱسۡمَعُواْ وَأَطِيعُواْ﴾ التغابن: ١٦.

- ﴿فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ﴾:

١- ئەمە هەڕەشەیە لە گوێڕایەڵی نەکردن و ملکەچ نەبوون بـۆ فەرمـانی خـوا و پێغەمـبەری

خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و مل باداں و یاخیبوون.

٢- وتمان کە (تولی) جێهێشتنی جێگاکەتە و چوونتە بۆ جێگایەکی تر. ئەوە هێنراوەتە ئەم بووارەی گوێڕایەڵییەوە هەروەکوو ئەوەی گوێنەدەر هەر لەو شوێنەش نەبێت کە فەرمانەکەی پێدراوە. کورد دەڵێ: خۆی لێ کەڕ کرد، یان هەر دەڵێی لەگەڵ ئەویشیان نییە! ئەم گوێنەدانە دژوار و چەوتە، چونکە لەوانەیە ئیتر بوواری هیدایەتدانی نەخرێتەوە پێش: ﴿وَإِن تَتَوَلَّوْا۟ يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ﴾ محمد: ٣٨، یان: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَوَلَّوْا۟ عَنْهُ وَأَنتُمْ تَسْمَعُونَ ﴿٢٠﴾﴾ الأنفال: ٢٠.

- ﴿فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلْبَلَـٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٢﴾﴾:

١- ﴿رَسُولِنَا﴾ نێرراوەکەمان. ئەمە گەورەیی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئاست و پلەی ڕێزی لای خوای گەورە نیشان دەدات، چونکە (رسول)ی ئیزافە کردووە بۆ (نا) کە ڕاناوی (کۆی دواو) و (دواوی مەزن)ـە، تا بزانرێت کە نێرراوی تایبەتی خوای پەروەردگاری جیهانیانە! واتا: ئەمە پێغەمبەری منە، گوێڕایەڵی بن، شوێنی بکەون و پەیامەکەی وەرگرن.

٢- ئەوەی لە ئەستۆی ئەم پێغەمبەرەی ئێمەدایە (عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ) گەیاندنی دینەکەیە، ڕوونکردنەوە و ڕاگەیاندنێتی، ئیتر ئەو کەسانەی گوێی نادەنێ و پشتی تێدەکەن؛ مەسئوولیەتی خۆیان بە خۆیانەوەیە.

ئایەتی سێزدەیەم:

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١٣﴾

واتا: «خوای پەروەردگار کە هیچ خوایەک نییە سیفەتێکی ئەوی تێدابێت و شایانی خوایەتی بێت، هەر ئەو شایانی پەرستنە، دەی سا ئێوەش یەکخواپەرستی ڕەچاو بکەن، با موسڵمانان پشت بە خوای گەورە ببەستن».

- ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ﴾:

١- دوای باسی (خلق) و (تصویر) و دوای باسی هەستی بەرپرسێتیی قیامەت؛ داوای باوەڕهێنانی کرد تا کافرەکانی سەردەمی وەحیش نەگەنە هەمان چارەنووسی کافرەکانی پێش خۆیان، قیامەتی بیر هەمووان خستەوە، بە هەردوو شوێنی نیشتەجێبوونی بەهەشت و دۆزەخەوە، ئینجا باسی ڕێسای موسیبەتی بۆ کردن کە پارسەنگ ڕەفتارکردن لەگەڵیدا دەبێتە مایەی هیدایەتدانی زیاتر و چەسپاندنی دید و ڕێی ئیمان، بۆیە دوای بەردەوامبوونی پارسەنگی و ئیمان و دینداریێتی؛ داوای گوێڕایەڵیی لێ کردن، لێرەشدا داوای پشتبەخوابەستن (التوکل) کە ئیمامی ئیبنولقەییم (رحمه الله) پێی دەفەرموویێت: (توحید التوکل)، دیارە ئەوە لەبەر گەورەیی و مەزنیی تەوککولە کە لە نزیکەی چل ئایەتدا تەئکیدی لێکراوەتەوە.

٢- دوای ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ﴾ تەوحید بیردەخاتەوە کە ئەسڵی هەموو داواکراوەکانە و گوێڕایەڵییەکە بەشێکە لەو: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾، واتا: ئەو کەسەی کە باوەڕی هێناوە کە تەنها خوای گەورە شایانی خوایەتییە و ئەو تاک و بێ وێنەیە و بەس، کەوابوو دەبێت گوێڕایەڵی و ملکەچیشی بۆ دەرببڕێت و بە قەدەری ڕازی بێت، چونکە لەوە دڵنیا بووە کە خوای گەورە کردگاری شارەزا و دەسەڵاتداری زانا و بەهێزی خاوەن توانا و دادپەروەری دانایە و، عەبدایەتیکردنیش بۆی ئەو ئیعتیراف و تەسلیمبوون و گوێڕایەڵییە دەخوازێت تا بەڕاستی بسەلمێت و بچەسپێت. موسڵمان کەر ڕایگەیاندووە عەبدی ملکەچی خوای گەورەیەتی ئیتر چۆن خۆ لەبەر موسیبەتداران بگرێت؟! ئەوەتا خوبەیبی کوڕی عەدیی

(خوا لێی ڕازی بێت) پێش شەهیدکردنی فەرمووی:

{وَلَسْتُ أُبَالِي حِينَ أُقْتَلُ مُسْلِماً عَلَى أَيِّ جَنْبٍ كَانَ لِلَّهِ مَصْرَعِي..}

- ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١٣﴾:

١- هاندانێکی تایبەتییە بۆ موسڵمانان کە پشتیان بە خوا ببەستن و متمانەیان پێیی بێت، دڵنیابن لەوەی کە ئاگای لێیانە و چاودێری و ئاودێرییان دەکات، دەی سا با ئومێدیان بەو بێت، با کاروبارەکانیان، بەرژەوەندییان، داهاتوویان تەسلیم بە خوای گەورە بکەن. با ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن و ئەنجامەکە بدەنە دەست خوای گەورە کە بە زانین و توانا و ویستی خۆی بڕیاری قەدەریی خۆی داوە.

٢- هاتنی وشەی ﴿ٱلۡمُؤۡمِنُونَ﴾ لە دوای پێشخستنی لەفزی خوای گەورە ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ﴾ بۆ هۆشهێنانەوە و سەرنج ڕاکێشانەوەی ئیماندارانە، کە دەبێ ئاگایان لەوە نەبڕێت کە ئەمان عەبدی ئیمانداری خوای گەورەن و پەیمانیان پێ بەستووە. دەی سا با پشتبەستن و ئومێد و متمانەشیان سەرڕاستانە بە خوا بێت و بەس. ئای کە گرنگە ئەم حەقیقەتە عەقائیدییانەی کە ڕێسای گەردوون و ژیانیشن؛ لە ناخی دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستی موسڵماندا بچەسپێن. بەڵێ، بەڵام بە تەئکید چەسپاندنیان ڕەنجی دەوێت، هەر بە خۆزگەخوازی نابێت!

ئایەتی چواردەیەم:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ وَأَوۡلَٰدِكُمۡ عَدُوّٗا لَّكُمۡ فَٱحۡذَرُوهُمۡۚ وَإِن تَعۡفُواْ وَتَصۡفَحُواْ وَتَغۡفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٤﴾

واتا: «ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لە ژن و منداڵەکانتاندا هەیانە دوژمنتانن، هۆشتان لە خۆتان بێت و لێیان بە حەزەر بن، ئەگەر لێبوردن و چاوپۆشـی و لێخۆشـبوون ڕەچـاو بـکەن چاکترە، خوای گەورەش لێخۆشبوو بە بەزەییە».

١- واحیدی لە (أسباب النزول)دا لە ترمذییەوە بە سەنەدەوە لە ئیبنو عەباسەوە (خوا لێیـان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە ئەوە بوو کە چەند پیاوێکی موسڵمان کە لە مەککە مابوونەوە و کۆچیان بۆ مەدینە نەکردبوو، هەر کە ویستیان دەهاتە سەر هیجـرەت کردن؛ ماڵ و منداڵەکانیان (ژن و زارۆکیان) لێیان دەپاڕانەوە کە کۆچ نەکەن و ئەوان لە مەککە جێنەهـێڵن. پـاش مـاوەیەک کە هیجرەتیـان کـرد و چـوونە خـزمەت پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) -کە ماڵ و منداڵەکانیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو- بینییان ئەو خەڵکەی پێش ئەمان هیجرەتیان کردووە هەموو شارەزای دینەکە بوون و زۆریان لەبەرکردووە و تێگەیشـتوون، بۆیە ویستیان ماڵ و منداڵەکانیان سزا بدەن لەسەر ئەوەی کە ڕێی هیجرەتی زووتریان لێگـرتن، ئیـتر ئەم ئـایەتە هـاتە خـوارەوە کە لە کۆتاییەکەیـدا ڕێ لە سـزاگرتنیان دەگرێـت و داوای چاوپۆشیکردن و لێبوردنیان دەکات.

بەڵام بێگومان بڕگەکانی ئایەتەکە هەر یەکەیان مانای گشـتی و بەرفـراوانتر دەبەخشـن، کە بێگومان ئەم حاڵەتە و حاڵەتی هاوشێوە و ڕەفتاری تریش دەگرنەوە کە دەکەوێـتە چوارچێـوەی ئەم جـۆرە دیـد و هەڵوێسـتە کـورتبینەی مـاڵ و منـداڵەوە، یـان شـلگیریی هەڵوێسـتی مێـرد و باوکەکانەوە لە داخوازییەکانی دین و دینداری.

٢- ئایەتەکە بە گشتی هەر لە ڕیزی زنجیرە ئاڕاستەکردنەکانی تری سوڕەتەکەدایە و هاندانە بۆ ئاستێکی تـری بـاڵای دینـدارێتی و پابەنـدی و بـۆ خـوا سـاغبوونەوە و بـۆ دیـن لێبـڕان بە خۆراپسـکاندن لەو هێـزانەی بۆخـۆی ڕادەکێشـن و ئەدای ئەرکە ئیمانییەکـان سسـت دەکەن،

وەکوو خۆشەویستیی ژن و منداڵ و حەزی ماڵ و حاڵ.

٣- هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە ڕێ لەوە ناگرێت کە قۆناغی مەککە و مەدینە و ژیانی موسڵمانانی تری دواییدا؛ سەدان و هەزاران حاڵەتی وا هەبێت کە ژن و منداڵ، یان ماڵ و حاڵ بوون و دەبنە ڕێگر و بەربەست و سستکاری ڕاپەڕاندنی فەرمانە شەرعییەکان و جێبەجێکردنی ئەرکە دینییەکان. وەڵامدانەوە و خۆدەربازکردن لە هێزی ڕاکێشانی ئەمانەش پەیوەندیی بە ڕادە و بڕی هێزی ئیمان و پلە و ئاستی دینداریتییەکەوە هەیە کە لە موسڵمانێک بۆ یەکێکی تر جیاوازە. ئەگەر ئەمە لە پیاواندا ئەوەندە زۆر بێت کە کەمتەرخەمی لە ڕاپەڕاندنی فەرزەکاندا دەنوێنن و لە ئەرکە شەرعییەکاندا سست دەبن؛ لە ئافرەتاندا زۆر زۆرترە، چونکە لە ئافرەتاندا -بەتایبەتی خاوەن مێرد و ماڵ و منداڵ- لە هەزار ئافرەتی موسڵمان یەکێک دەسبەرداری ژیان نابێت و، لە دە هەزار ئافرەتی موسڵمان یەکێکیان مێرد یان کوڕی بۆ جیهاد هان نادات! هەردوولاشیان حەز دەکەن ئیسلام سەرکەوێت.

٤- ئەم ئایەتەش ڕێسایەکی تری بزاڤ و بزاوت و هەڵوێستە، تا لە دڵ و هزر و ویژداندا جێی خۆی دەگرێت زۆری دەوێت. موسڵمانان هەروا ئاسان وەری ناگرن و ڕەفتاری پێوە بکەن، وەریدەگرن وەکوو ئایەتی قورئان، بەڵام شلگیر دەبن لە جێبەجێکردنیدا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ وَأَوۡلَٰدِكُمۡ عَدُوّٗا لَّكُمۡ فَٱحۡذَرُوهُمۡۚ﴾.

٥- ئەم دوژمنداریتییەی ئەم ئایەتە باسی دەفەرموویت کە لە ژن و منداڵەوە بەرامبەر مێرد و باوک دروست دەبێت؛ هەردوو ئەگەری بە دوژمنبوون دەگرێتەوە:

أ- دوژمنایەتیکردنی دید و هەڵوێستی موسڵمان و بەرانگاربوونەوەی دین و دینداریتییەکەی لەلایەن ژن و منداڵەکانیەوە. وەکوو هەڵوێستی ژنی سەیدنا (نوح) و سەیدنا (لوط) (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) کە دوژمنداریتییەکی سەختی مێردەکانیان دەکرد، کە پێغەمبەری مەعسووم و نێرراوی هەڵبژاردەی خوای زانا و دانا بوون: ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱمۡرَأَتَ نُوحٖ وَٱمۡرَأَتَ لُوطٖۖ كَانَتَا تَحۡتَ عَبۡدَيۡنِ مِنۡ عِبَادِنَا صَٰلِحَيۡنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمۡ يُغۡنِيَا عَنۡهُمَا مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗا وَقِيلَ ٱدۡخُلَا ٱلنَّارَ مَعَ ٱلدَّٰخِلِينَ ١٠﴾ التحريم: ١٠. هەروەها هەڵوێستی کوڕەکەی سەیدنا نووح (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) کە نەهاتە

ریزی باوکی به ڕێزیی و ئیماندارانەوە.

دەشێت ئەم دووژمنایەتییە ناوخۆییەی خێزان سەربکێشێت بۆ چوونە ڕیزی دوژمن و بەشداربوون لە بەرەنگاربوونەوەی مێرد و باوکەکاندا، چ وەکوو ئەندامبوونی حزبایەتی، چ وەکوو جاسووسیکردنی موخابەراتی، خوا لامانـدا، کە هەردوو شێوازەکە سەردەکێشن بۆ کافربوون، بەتایبەتی ئەگەر حزب و دەزگا موخابەراتییەکە هی کافران و مورتەددان بوون.

ب- دوژمنایەتیی لاوەکیی ناڕاستەوخۆ، بەو مانایانەی کە دەبنە مایەی سستکردنیان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دین و دینداری، چ خواپەرستییەکان بن، وەکوو نویژی جومعە و جەماعەت، یان حەج و زەکاتدان، چ وەکوو ڕەفتارەکانی داب و ئاداب و ماف، وەکوو ڕێگرتن لە هاتووچۆی خزمان و دراوسێ، یان بەرهەڵستینەکردنی ناشەرعییەکانی ناو خێزان و خانەوادە و دەرەوەیان، کە ئەمەیان ئەوەندە زۆرە ڕەنگە بە دەگمەن مێرد و باوک هەبن نەکەونە ژێر تین و فشاری ژن و منداڵیانەوە، بەتایبەتی لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کە هەریەک لە هاوسەران دەیەوێت ئەندامانی خێزانەکە بە خزمانی خۆیەوە -بەهاوسەرگیری و هاتوچۆو بازرگانی- ببەستێتەوە و لە خزمانی هاوسەرەکەی دایانبڕێت!

٦- ئایەتەکە موسڵمانان ناخاتە سەر گومان لە ژن و منداڵەکانی، بەڵام پێی دەفەرمووێت هۆشداربە و بزانە کە دینەکە لە پێشترە. داخوازییەکانی شەرع پێش داخوازیی ژن و منداڵەکانتن، پێچەوانەیان نەکەیتەوە. پێچەوانەبوونیان پێ هەڵخکلیسکانە و سەرەتای ئینحیرافاتی گەورەترە. ئەوە گەورەترین و دژوارترین و زۆرترین بەربەستی ڕێی جیهادە، دەنا چۆن ئەو هەموو زەلیلیە بەسەر ئەم ئوممەتە ملیارییەدا دێت؟!

٧- ﴿إِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ وَأَوۡلَٰدِكُمۡ﴾: ﴿مِنۡ﴾ لە ڕێزماندا پێی دەوترێت (للتبعيض)، واتا بۆ (هەندێک)ێتییە، وەکوو دەڵێیت: (أخذتُ مِن الدراهم: هەندێکم لە درهەمەکان هەڵگرتووە). لێرەشدا دەفەرمووێت: تێیاندایە کە دوژمنن.

- ﴿إِنَّ﴾: لە ڕێزماندا دوای (إنَّ) (اسم)ەکەی دێت، ئینجا (خبر)ەکەی، وەکوو: (إنَّ رجلاً في الدار). ئەگەر خەبەرەکەی پێشخرا ئەوە سەرنج و هۆش بۆ (اسم)ەکەی ڕادەکێشێت،

وەكوو: (إنَّ في الدار رجلاً)، واتا باسەكە باسی پیاوێكە كە لە خانووەكەدایە، كە هەبوونی دەبێتە تەوەری باسەكە، كە لەوانەیە نەدەبوو لێی بێت، یان هەبوونی زەرووڕەتە. لێرەشدا وایە: ﴿مِنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ وَأَوۡلَٰدِكُمۡ﴾ (خبر)ی (إنَّ)ەكەیە، بەڵام پێش (اسم)ەكەی هاتووە كە (عدواً)ەكەیە، بۆ سەرنجڕاكێشانمان بۆ لای ئەو دوژمنە: ﴿إِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ وَأَوۡلَٰدِكُمۡ عَدُوّٗا لَّكُمۡ فَٱحۡذَرُوهُمۡۚ﴾.

- (عدوّ) لەسەر كێشی (مفعول)ە بە مانای (فاعل). بۆیە ئەگەر بوو بە وەسف بۆ تاك و كۆ بەكاردێت: ﴿إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّاۚ﴾ فاطر: ٦. بۆ كۆش دەفەرموویێت: ﴿فَإِن كَانَ مِن قَوۡمٍ عَدُوّٖ لَّكُمۡ﴾ النساء: ٩٢. ئەمما ئەگەر وەكوو ناو بەكار هات؛ واتا تـوخمی دوژمنان، ئەوە بە كـۆ بەكاردێت، وەكوو: ﴿إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ﴾ آل عمران: ١٠٣، یان: ﴿وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِأَعۡدَآئِكُمۡۚ﴾ النساء: ٤٥.

٨- ﴿فَٱحۡذَرُوهُمۡ﴾: لێیان بە حەزەر بن، هۆشتان لە خۆتان بێت، نەكەونە ژێر تین و فشاریان و، حەز و خۆشەویستیان واتان لێنەكات لە ئەداكردنی ئەركە شەرعیەكانتاندا كەمتەرخەم ببن، ئەمەیە هەڵوێستی شیاو بەرامبەر هەڵوێستی دوژمنایەتیان (ئەگەر نەچووبوونە ریزی دوژمنانەوە و بەرەنگاری و جاسووسیان لەسەرتان نەكردبوو)، چونكە بەحەزەربوونتان خۆ لە تین و فشار و كاریگەرییان دەپارێزن، ئەوەش داواكراوەكەیە، ئەمما لەم چاكتر چاوپۆشی و لێبوردن و لێخۆشبوونیانە،بۆیە دەفەرموویێت:

- ﴿وَإِن تَعۡفُواْ وَتَصۡفَحُواْ وَتَغۡفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٤﴾:

١- ﴿تَعۡفُواْ﴾ عەفوكردن: چاوپۆشی و لێبوردنە لە تاوانێک كە كراوە و توانای سزادانەكەی هەیە، بەڵام وەل دەكرێت، كە دەشێت سەرزەنشتكردنی لەگەڵدابێت، واتا لەگەڵ لێبوردنەكەدا.

٢- ﴿وَتَصۡفَحُواْ﴾: الصفح: هەر وەكوو عەفوكردنەكەیە، بەڵام سەرزەنشتی لەگەڵدا نییە، لەمیش پەسەندتر (الصفح الجميل)ـە كە خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿فَٱصۡفَحِ ٱلصَّفۡحَ ٱلۡجَمِيلَ

﴿٨٥﴾ الحجر: ٨٥. ئەمیان نەک سەرزەنشتی لەگەڵدا نییە؛ بەڵکو هێمنکردنەوەی تاوانبارەکەشی تێدایە لەگەڵ چارەسەری پاڵنەری تاوانەکەی.

٣- ﴿وَتَغۡفِرُواْ﴾: غفر: لێخۆشبوونە، کە داپۆشینی تاوانەکەیە و قسەلێنەکردنەوەیەتی.

- بڕوانە مەزنی و ڕاقێتی و کاریگەریی ئەم ئاڕاستە خواییە.. کە ڕەفتارێکی پارسەنگی دڵسۆز و مەسئوولانە دێنێتە بەرهەم: خێزانەکەی تێکناچێت، ژن و منداڵ پەرتەوازە نابن، بە قین و بوغزەوە نارۆن، لە بەرامبەردا مێردە باوکەکە لەبەرچاویان گەورەتر دەبێت، نموونەیی دەبێت، هەڵوێستی یەک لە دوای یەکی چاوپۆشی و لێبوردن و لێخۆشبوونەکەی دەبێتە مایەی چارەسەری زۆر کێشە لە بنەڕەتیەوە.

- سێ ئاستی چارەسەر: چاوپۆشی و لێبوردن و لێخۆشبوونەکان هەر یەکەیان لەگەڵ ئاستێکی ڕەفتاری ژن و منداڵەکاندا دەگونجێت.

- ئەم چاوپۆشی و لێبوردن و لێخۆشبوونە بەرامبەر تاوانێکە کە بەرامبەر خۆی کردوویانە و نەچۆتە سنوری دین و دیندارانی ترەوە، چونکە ئەگەر جنێوێکیان بە پێغەمبەری خوا دابێت (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، یان هەر ڕەفتارێکی تری کوفرینیان نیشان دابێت (بە گوفتار یان بە کردار)، یان سنووریان بەزاندبێت و مافی موسڵمانانیان پێشێل کردبێت. ئەمە بواری چاوپۆشی نایگرێتەوە، مێردە باوکەکەش عەفوویان بکات شەرع عەفوویان ناکات، دەبێ ئەم خاڵە لەبەرچاوان بێت.

٤- ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٤﴾: هاندانی خاوەن تاوەنەکانە لەسەر تۆبەکردن و وەلکردنی هەڵوێستە خراپەکەیان، هەروەها هاندانی مێردە باوکەکەیە لەسەر لێبوردن و سینەفراوانیی زیاتر، تا خۆشی شایانی لێبوردن و لێخۆشبوونی خوای گەورە ببێت، کە ئەمە دوو سیفەتی بێ وێنە و ڕەهایەتی: لێخۆشبوو و بە بەزەییە.

ئایەتی پازدەیەم:

﴿إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ١٥﴾

واتا: «سامان و منداڵەکانتان مایەی شلگیریی دینداریتانن، بەڵام بزانن کە خوای گەورە پاداشتی مەزنی لایە».

- ﴿إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞۚ﴾:

١- لە ئایەتی پێشتردا ژن و منداڵەکانی وا باس فەرموو کە دەشێت هەنگاوی دوژمنانە ڕاستەوخۆ بەرامبەرتان بگرنە بەر، واتا وەکوو هەڵوێستی کافرەکان بنوێننەوە، یان هاوکاری ئەوان بکەن لە بەرەنگاریکردنی دین و دینداریتاندا: ڕاستەوخۆ یان بە جاسووسی بۆکردنیان لەسەرتان. هەر وەکوو کە دەشێت لەو لایەنەوە ببنە دوژمنتان کە تین و فشارتان بۆ دەهێنن و لە دینداری سستان دەکەن و واتان لێدەکەن بکەونە گوناح و حەرامەوە. لێرەدا سامان و منداڵەکان باس دەفەرموێت کە دەبنە مایەی (فتنة)، واتا هۆکاری سستبوونی دین و دینداریتان، بە هەر شێوازێکی ڕاستەوخۆ یان لاوەکی بێت. ژن و منداڵ دەشێت هەڵوێستی دوژمندارێتیان لێ دەربکەوێت، بەڵام سامان و منداڵ دەشێت ببنە هۆکاری (فتنة) بە مانا قورئانییەکانی[1]، کە بە گشتی هەموو هۆکارێکە بۆ لە دین هەڵگەڕانەوە و لێ لادان و شلبوونی پابەندبوون پێیەوە، جا بە ئەشکەنجە و ئازار بێت، یان بە زێڕ و زۆر و چەواشەکاری.

٢- سامان و منداڵ مەرج نییە ڕاستەوخۆ ببنە هۆی (فتنة)ەکە، بەڵکو ئەو حەزەی لە ناخی مرۆڤدا هەیە بۆ سامان و منداڵ وا دەکات سوورتر بێت لەسەریان و سنووری شەرعیان بۆ ببەزێنێت، ئا لێرەوەیە کە دژوارێتیی سامان و منداڵ لەسەر دین و دینداریيەکەی موسڵمان دروست دەبێت.

٣- دەشێت فیتنە ئەشکەنجەدان و ناچارکردنی موسڵمان بێت لەسەر پاشگەزبوونەوەی لە

(١) باسێکی مامناوەندیم لەسەر زاراوەی (فتنة) لە قورئاندا نووسیوە کە هەموو ڕەهەند و لایەنەکانی ئەم زاراوەیە ڕوون دەکاتەوە کە زۆر دوورە لەوەی مەلا ڕەسمییەکان و عەوام بۆی بەکار دەهێنن.

دینەکە، کە ئەمە دوا پلەی فیتنەیە و لە کوشتنی موسڵمانەکە دژوارتـرە و لای خـوای گەورەش خـــراپترە لە کوشـــتنی: ﴿وَٱلۡفِتۡنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۚ﴾ البقرة: ١٩١، ﴿وَٱلۡفِتۡنَةُ أَكۡبَرُ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۗ﴾ البقرة: ٢١٧، ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٌ﴾ البقرة: ١٩٣. هەر وەکـوو کە دەشـێت (فتـنه) مـایەی تـاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئاستی ئیمان و سەبر و دینـداریتی بێـت: ﴿كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۗ وَنَبۡلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلۡخَيۡرِ فِتۡنَةٗۖ﴾ الأنبياء: ٣٥، لێرەشدا هەر مەبەست لە تاقیکردنەوەیە بە سامان و منداڵ کە ئایا تا چ ڕادەیەک خاوەنەکانیان سەرکەوتووانە لە تاقیکردنەوەیاندا دەردەچێت.

٤- ئەبو داود لە بورەیدەوە (یاوەرە و پیاوە) (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (خطَبَنا رسولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، فأقبَلَ الحسنُ والحُسينُ رضِي اللهُ عنهما، عليهما قميصان أحمران يعـثُران ويقومان، فنزَلَ فأخَذَهما، فصَعِد بهما، ثمَّ قال: صدَق اللهُ: {إِنمَّا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُـمْ فِتْنَـةٌ} التغـابن: ١٥. رأيتُ هذينِ فلم أَصبرْ، ثمَّ أخَذَ في الخُطبةِ)[1]، واتـا: «پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە ڕۆژی هەینیدا وتاری دەدا، حەسەن و حوسەین خوا لێیـان ڕازی بێـت (کە کـچەزای بـوون و گچکە بوون) جلی ڕەنگ سووریان لەبەر دابوو، هاتنە مـزگەوتەکە و بە نێـوان خەڵـکەکەدا (لە ڕیوایەتی تردایە) دەهاتن، دەکەوتن و هەڵدەستانەوە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشریفی لەسەر مینبەر هێنایە خوارەوە و کردنیە باوەش و گەڕایەوە سەر مینبەرەکە و فەرمووی: خـوای گەورە ڕاسـتی فەرمـوو، ئینجـا ئەو ئـایەتەی خوێنـدەوە: ﴿إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞۚ﴾، فەرمووی: ئەم دووانەم بینی سەبرم نەگرت، پاشان لەسەر وتارەکەی بەردەوام بووەوە».

٥- یاوەران دەیانزانی و دەیانتوانی پارسەنگی دینداری و کەسایەتیی خۆیان بەرامبەر ژن و منداڵ و سامانیان ڕاگرن، هەر یەکەشیان هەر لە دیدی قورئـانییەوە دەیزانـی کە ئەگەر هۆشـی لەو پارسەنگێتییەی ببڕێت؛ ژن و منداڵ و سامانی دەبنە مایەی (فیتنە).

ئیبنو عەتییە بە سەنەدەوە دەگێڕێتەوە کە سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) لە حوزەیفەی کوڕی یەمانی (خوا لێی ڕازی بێت) پرسی: (كَيْفَ أَصْبَحْتَ؟ فَقَالَ: أَصْبَحْتُ أُحِبُّ الفِتْنَةَ وَأَكْرَهُ الْحَقَّ! فَقَالَ عُمَر: مَا هَذَا؟ فَقَال: أُحِبُّ وَلَدِي وَأَكْرَهُ الْمَوْتَ)، واتا: «سەیدنا عـومەر فەرمـووی:

(١) ئەبو داود (١١٠٩)، شێخی ئەلبانی بە سەحیحی داناوە، هەروەها شوعەیبی ئەرنائوط دەربارەی ئەفەرمووێت: (إسناده قوي).

چۆنیـت؟ حـوزەیفە فەرمـووی فیتـنەم خـۆش دەوێـت و حەزم لە حەق نیـیە! سـەیدنا عـومەر فەرمووی: ئەمە چییە؟ حوزەیفە فەرمووی: منداڵەکەمم خۆش دەوێت و حەزم لە مردن نییە».

- ﴿وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ١٥﴾:

ئەمە بیرخستنەوە و هاندانە لەسەر پاراستنی پارسەنگیی دینـدارێتییەکە، کە تـا بە ئومێـدی ئەو پاداشـتە زۆر و گـرنگەی لای خـوای گەورە سـەبر لەسـەر (فیتـنە)ی سـامان و منـداڵی بگرێـت و لاسـەنگ نەبێـت و لەبەر خـاتری ئەوان سـنووری شـەرع نەبەزێنێـت. ئاڕاسـتە کردەوەییەکانی پێغەمبەری خواش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) لەم بارەوە زۆرە کە داوای سەبرگرتن دەکات لەسەر ڕەفتاری ژن و منداڵ، یان لەسەر نەبوونی و هەبوونی قەناعەت.

ئایەتی شازدەیەم:

﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ وَٱسۡمَعُواْ وَأَطِيعُواْ وَأَنفِقُواْ خَيۡرٗا لِّأَنفُسِكُمۡۗ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٦﴾

واتا: «ئەوەنـدەی لە تواناتانـدایە خـوای گەورە بپەرسـتن و سەرڕاسـتانە دینـداری بـکەن، گـوێڕایەڵ بـن و ملکەچـی فەرمـانی خـوا و پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بـن، ببەخشـن، بەخشین هەر بۆ خۆتانە و پاداشت مسۆگەر دەکات. هەر کەسێک خۆی لە پیسکەیی و ڕەزیلیی دەروونی خۆی قوتار کردبێت؛ بەڕاستی ئا ئەوانە سەرفرازن».

- ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ﴾:

١- دوای ئاڕاسـتەکردنیان بـۆ چـۆنیەتیی ڕەفتـارکردن لەگەڵ ژن و منداڵـدا بە ڕەفتـاری سینەفراوانی و جوامێری، هەروەها ئاگا لەخۆبوون لە فیتنەی سامان و منداڵ کە نەگاتە ئەوەی ببـنە هۆکـاری شـلگیری و دینـداری و سـنووربەزاندنی شـەرع، هەروەهـا دوای فێرکـردن و هاندانیان لەسەر چاوپۆشی و لێبوردن و لێخۆشبوون، ئینجا ئومێد بەستنەوە بە پاداشتی مەزنـی خوای گەورە؛ لێـرەدا فەرمانیـان بە (تەقواکـاری) پێـدەکات کە دەبێـتە سـەرچاوەی وزەی ئەو دید و هەڵوێست و ڕەفتارە پارسەنگانە.

٢- دەفەرموویێت: ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ﴾: ئەوەندەی دەتوانن. توانینی کەسەکانیش جیاوازە و توانای کەسێکیش لە کاتێکەوە بـۆ کـاتێکی تـر هەر جیـاوازە، بـۆیە خـوای گەورە چەنـدین ڕێگای تەقواکاریی دیاریکردووە، وەکوو خواپەرستی و ڕۆژووگـرتن و دینـداریی سەرڕاسـت: ﴿خُذُواْ مَآ ءَاتَيۡنَٰكُم بِقُوَّةٖ وَٱذۡكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٧١﴾ الأعراف: ١٧١.

٣- کە دەفەرموویێت: ﴿مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ﴾: واتا ماوە و حـاڵەتەکانی توانینتان و چۆنیەتییەکانیـان. ئاوا هەموو ساتێکی موسڵمان بواری تەقواکارییە. ئەمەیە مانای توانین، نەک کابرا چوار ڕکـات نوێژی سوننەتی کردووە و دەڵێ ئیتر توانام نەما! ڕۆژێکی سوننەت بەڕۆژوو بووە و بۆ ڕۆژێکی تر دەڵێت ناتوانم! بڕێک پارەی دوای نوێژی هەینی بەخشیوە و بۆ سـبەی دەڵێـت لە توانامـدا

نەما. ئەمانە فریودانی نەفس و خۆ هەڵخەڵەتاندنن، چونکە زۆر زیاتری لە تواناداهەیە، چونکە هەموو کەسێک وزەی شاراوەی زۆری تێدایە. بڕوانە ئەم نموونەیە: تۆ دەتوانیت دە خولەک زۆر خێرا ڕاکەیت و لە ڕێدا باز بەسەر ڕووبارێکی دوو مەتر پاندا بدەیت، بەڵام کە دڕندەیەکی وەک شێر یان گورگێگ بەدواتدا ڕادەکات، ڕاکردنەکەت هەم خێراتر دەبێت و هەم لە دە خولەک زیاتر، بازدانیشت لە ڕووباری سێ مەتر پانیشدا ئاسان دەبێت. کەوابوو تۆ وزەی شاراوەی ڕاکردن و بازدانت لەوە زۆرتر تێدایە کە خۆشت وا دەزانیت، بەڵام نەفس نایەوێت خۆی ماندوو بکات. دینداریش وایە، کۆتا لوتکەی تەقواکاری لە دوای ئاستی پێغەمبەرانەوە (سەلامی خوایان لێ بێت) هەزاران هەزار پیاوچاکی تر گەیشتوونێ. هەر خۆت لە دەوروبەر و ناسیاوانی خۆتدا چەندین کەس دەبینیت کە لە تۆ تەقواکارتر و سەرڕاستترن، ئەگەر نەفسی مەغروورت ڕێت بدات ئیعتیراف دەکەیت کە هەموو کەسێک لە تۆ باشترە! چونکە یان چاکەی لە تۆ زیاترە، یان گوناحی کەمترە، بەڵام من و تۆ خۆمان بە کار و کردەوەیەکی چاکمان فریو دەدەین کە ئەگەر وردەکارانە لە نییەتمان بکۆڵینەوە موفلیس دەبین! کەوابوو ﴿مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ﴾ بۆ هاندانە لەسەر تەقواکاریی زیاتر نەک بۆ خۆ دزینەوە و پشتێن کردنەوە، بەڵام بێگومان ئەمە توندڕەوی و سەختگیریش نییە کە سوننەتەکانیش وەکوو فەرز لێبکات و خۆی و خەڵکی تریش ناچاری پێوەپابەندبوون و جێبەجێکردنی هەمووی بکات. لە ڕاستیدا ﴿مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ﴾ شوێن و بوواری پارسەنگی نێوان شلگیری و سەختگیرییە.

٤- لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (فَإِذَا نَهَيْتُكُمْ عن شيءٍ فَاجْتَنِبُوهُ، وإذَا أَمَرْتُكُمْ بِأَمْرٍ فَأْتُوا منه ما اسْتَطَعْتُمْ)[١]، واتا: «گەر بەرهەڵستی شتێکم لێکردن توخنی مەکەونەوە، وەگەر فەرمانێکم پێدان ئەوەندەی کە بۆتان دەکرێت جێبەجێی بکەن». چونکە فەرمان بە ئەنجامگەیاندن دەخوازێت، توانای خەڵکیش تێیدا جیاوازە، بەڵام بەرهەڵستی وەلکردن و وازلێهێنانە، دانیشە و مەیکە، ئەمە بە هەموو کەسێک دەکرێت، مەگەر خۆی بیەوێت پێچەوانەکارانە ڕەفتار بکات.

(١) بوخاری (٧٢٨٨)، موسلیم (١٣٣٧) بە کەمێك جیاوازییەوە.

٥- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) یاوەرانی فێردەکرد کە لە بەیعەتداندا بفەرموون ئەوەندەی لە توانامدا هەبێت. جابری کوڕی عەبدوڵا (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرمووی: (بايَعْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ، فَلَقَّنَني: فِيما اسْتَطَعْتُ...)[1]، واتا: «بەیعەتم لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچی بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دا، جەنابی فێری کردم بشڵێم: لەوەدا کە دەتوانم».

- ئیبنو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرمووێت: (كُنَّا إذا بايَعْنا رَسولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) علَى السَّمْعِ والطَّاعَةِ، يقولُ لَنا: فِيما اسْتَطَعْتُمْ)[2]، واتا: «کە بەیعەتمان لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچی بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەدا، پێی دەفەرموویین: لەوەدا کە دەتوانن».

دوای ئەم تەقواکارییەی کە لە توانادایە داوای گوێڕایەڵی و ملکەچی لە موسڵمانان دەکات:

- ﴿وَٱسۡمَعُواْ وَأَطِيعُواْ﴾:

١- هەرچەندە تەقواکاری خۆی ئەمەیە کە گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ببیت، واتا بەپێی قورئان و سوننەت ڕەفتار بکەیت. بەڵام لێرەدا تەئکیدێکی تایبەتی لە گوێڕایەڵی و ملکەچی کردۆتەوە، بۆ ئەوەی وا نەزانرێت کە تەقوا تەنها خۆپارێزییە لە گوناح و سەرپێچی و تاوان و وازلێهێنانیانە، ئەم گوێڕایەڵی وملکەچێتییەشی هێناوەتە پاڵ کە پەیوەندییان بە جێبەجێکردنی فەرمانەوە هەیە، هەم خێرا و هەم وەکوو خۆی. ئاوا مانای تەقواکە دەبێتە: تۆخن نەکەوتنی ئەو ڕەفتارانەی بەرهەڵستیان لێکراوە و ئەنجامدانی ئەو فەرمانانەی فەرمانیان پێدراوە.

٢- مەبەست لە گوێگرتنەکە، گوێگرتنە لە ئاڕاستەکانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ملکەچکردنە بۆی، چونکە جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەحی بە سوننەت و سیرەی پاک و ڕەوای

(١) بوخاری (٧٢٠٤)، موسلیم (٥٦).

(٢) بوخاری (٧٢٠٢)، موسلیم (١٨٦٧) بە کەمێك جیاوازییەوە.

خـۆی ڕوون دەکـاتەوە. لە پـاش جەنابیشـی گـوێگرتنی هەمـوو بیرخسـتنەوە و ئامۆژگـاری و فێربوونێکە کە قورئان و سوننەت و کۆڕا (ئیجماع) و پێوەر و بەراورد (قیاس) و بنەماکـانی تـر بگرێتەوە: ﴿فَبَشِّرۡ عِبَادِ ١٧ ٱلَّذِينَ يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقَوۡلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحۡسَنَهُۥٓۚ﴾ الزمر: ١٧ - ١٨.

٣- دوای فەرمـانی گـوێگرتنەکە بە (واو العاطفـة) کە ئـامرازی پەیوەنـدییە: ﴿وَأَطِيعُواْ﴾ی بەدوادا هێناوە، چونکە ئەگەر گوێگرتن لە فەرمان و بەرهەڵستی، ملکەچیـی بەدوادا نەیەت کە هەڵوێستی بە بەگوێکردن و ڕاپەڕاندنە؛ نرخی چییە؟! با هەر ببیستێت، کە لەم گـوێیەوە بێـت و لەو گوێیەوە دەرچێت سوودی چییە و چۆن پێی دەوترێت (سمع وطاعة)؟

دوای ئەم کۆمەڵە ئاڕاستەیەی پارسەنگبوون و دامەزراندنی کەسایەتیی تەقواکار کە خـۆی لە خۆیدا (صالح) دەبێت، دەبـێ بـۆ غەیـری خۆشـی سـوودمەند بێـت و (مصـلح) دەرچێـت، سەرەتای ئەمەش بەخشینە کە نیشانەی لە هێزی حەزی خۆ دەرچوونە:

- ﴿وَأَنفِقُواْ خَيۡرٗا لِّأَنفُسِكُمۡۗ﴾:

ئەمەش تایبەتکردنێکی تری ئەم ڕەفتارەیە کە بەشێکە لە خودی تەقواکارییەکە، بەڵام بە جیا باسی فەرمووە تا بایەخی تایبەتی پێ بـدرێت و وا نەزانرێـت چاکسـازی هەر بە قسـەیە. بـۆیە خوای گەورە بە ئالی داوود (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) دەفەرموویت: سوپاسگوزاریی خوای گەورە بە کـردەوە ئەنجـام بـدەن نەک هەر بە وتنـی سـوپاس بـۆ خـوا: ﴿ٱعۡمَلُوٓاْ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكۡرٗاۚ وَقَلِيلٞ مِّنۡ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ ١٣﴾ سبأ: ١٣.

١- بە شێوەیەکی زۆر شیاو و گونجاو فەرمانی بە بەخشینی ماڵ و سامان کردووە، لە دوای ئەوەی فەرمـووی: ﴿إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞۚ﴾، هەروەهـا لە دوای: ﴿وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ١٥﴾. وەکـوو بفەرموویـت دەی کە مـادام مـایەی فیتـنەیە و دەبێـتە هـۆی شـلگیریی دینداریتان؛ دەی سا بیبەخشن، لە کۆڵ خۆتانی بـکەنەوە. زەکـات و سـەدەقە و هەمـوو جـۆرە خێر و خێرانێک دەگرێتەوە، بەتایبەتی کە لە پێویستیی خۆی زیاترە یان بەکاری ناهێنێت.

٢- سامان بەخشین ڕاهێنانی نەفسە. ئەو کەسەی بە بەخشینی کەم و پۆشاکی کۆنی خـۆی،

خـۆی لەسـەر بەخشـین ڕانەهێنێـت؛ ببێـت بە خـاوەنی ملیـۆنیش هەر پیسـکە و چـاوچنۆک دەمێنێتەوە، هەر دەڵێت بۆچی پارەی خۆم بدەمە خەڵکی؟! بەرامـبەر چـی بـۆ مـن کـردووە تـا بیدەمێ؟! ئەقڵی بەوە ناشکێت کە لە ئیسلامدا ئەگەر هەژار و دەسکورت و موحتاج لە وڵاتەکە نەمابێت و کەس نەبێت زەکاتی لێوەربگرێت، هەر دەبێت زەکـاتەکە بـدات، یەک ڕۆژ ناشـێت دوای بخات، هەر هیچ نەبێت دەبێـت جیـای بکـاتەوە و بیخـاتە لاوە و وا سـەیری بکـات کە ڕاسپاردەی خەڵکییە و لایان داناوە!

٣- ڕاهێنان لەسەر بەخشـین لە قورئانـدا ئاڕاسـتەیەکی زۆر سەرسـوڕهێنەری هەیە، وەکـوو چارەسـەری نەخۆشـییەکانی تـری دڵ و دەروونە، وەکـوو ئـازاکردن و لادانـی تـرس و بـیم و دڵەڕاوکێـیە. هەردووکیـان پـلە بە پـلە و قۆنـاغ بە قۆنـاغ لە سـەرەتاوە دەگەیەنـنە ترۆپکـی شایستەبوون.

- بڕوانە لە باسی ترسی سەیدنا موسادا (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) چـۆن لە سـەرەتاوە هەر دەفەرمووێـت دەترسم: ﴿فَأَصۡبَحَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ خَآئِفٗا يَتَرَقَّبُ﴾ القصص: ١٨. ﴿خَآئِفٗا﴾ ناوە، واتا ترس بـوو بە سـیفەتێکی جێگیر و نەگۆڕی!

- ﴿فَخَرَجَ مِنۡهَا خَآئِفٗا يَتَرَقَّبُۖ﴾ القصص: ٢١، ئاوا بە ترساوی لە شار دەرچوو.

- پیاوچـاکەکەی مەدیـنە هێمنـی کـردەوە و پێـی فەرمـوو: ﴿قَالَ لَا تَخَفۡۖ نَجَوۡتَ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٢٥﴾ القصص: ٢٥.

- لە گەڕانەوەیـدا کـردی بە پێغەمـبەر و ویسـتی بینێرێـت بـۆ لای فیـرعەون و دەستوپێوەندەکەی، کەچی ئەم دەیفەرموو: ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ ١٢﴾ الشعراء: ١٢، ﴿فَأَخَافُ أَن يَقۡتُلُونِ ١٤﴾ الشعراء: ١٤، ﴿فَأَخَافُ أَن يَقۡتُلُونِ ٣٣﴾ القصص: ٣٣.

- کە سەیدنا هاروونی براشـی (عَلَيۡهِمَا ٱلسَّلَامُ) بـۆ کـردە پاڵپشـت، هەردووکیـان دەیـانفەرموو دەترسین: ﴿قَالَا رَبَّنَآ إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفۡرُطَ عَلَيۡنَآ أَوۡ أَن يَطۡغَىٰ ٤٥﴾ طه: ٤٥، بەڵام ئەمانیان بۆ دەهات: ﴿قَالَ لَا تَخَافَآۖ إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ ٤٦﴾ طه: ٤٦.

- که داردەستەکەی بوو بە مار ترسا و هەڵات: ﴿وَأَنۡ أَلۡقِ عَصَاكَۚ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهۡتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنّٞ وَلَّىٰ مُدۡبِرٗا وَلَمۡ يُعَقِّبۡۚ يَٰمُوسَىٰٓ أَقۡبِلۡ وَلَا تَخَفۡۖ إِنَّكَ مِنَ ٱلۡأٓمِنِينَ ٣١﴾ القصص: ٣١.

- لە مەیدانەکەشدا کە لە سیحری سیحربازەکان ترسان؛ لە دڵیدا بوو بە (خیفة)، کە لە (خائف) زیاترە، فەرموویەوە: مەترسە: ﴿فَإِذَا حِبَالُهُمۡ وَعِصِيُّهُمۡ يُخَيَّلُ إِلَيۡهِ مِن سِحۡرِهِمۡ أَنَّهَا تَسۡعَىٰ ٦٦ فَأَوۡجَسَ فِي نَفۡسِهِۦ خِيفَةٗ مُّوسَىٰ ٦٧ قُلۡنَا لَا تَخَفۡ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡأَعۡلَىٰ ٦٨﴾ طه: ٦٦ - ٦٨.

دوای زیاتر لە بیست ساڵ مومارەسەی بانگەواز و بزاڤی خواویستیی پڕ لە (ترس) و (ئەمان)، لەو کاتەدا کە جێگای ترسی حەقیقی بوو لە مردن، لە فەوتان، لە قڕکردنی شوێنکەوتووانی، ئەوکاتەی کە فیرعەون خۆی و لەشکری هەزار بە هەزاری بە دوای ئەمانی موهاجیر و ڕێبزربوودا هات؛ ئەمان گەیشتنە کەنار دەریاکە، یان دەکوژرێن یان دەخنکێن: ﴿قَالَ أَصۡحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدۡرَكُونَ ٦١ قَالَ كَلَّآۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهۡدِينِ ٦٢﴾ الشعراء: ٦١ - ٦٢. ئا لێرەدا کە یاوەرانی هاوریان لێهەستا کە وا گەیشتنە سەرمان و فەوتاین! جەنابی سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) چونکە ئەزموونی زۆری (ترس)ی خۆی و (ئەمانی)ی خوای خۆی دیبوو، فەرمووی: نا، هەرگیز، من خوای خۆمم وەلدایە و ڕێم نیشان دەدات. بڕوانە لە ترسەکانی یەکەم ڕۆژەوە بۆ ئەم لوتکەی خۆتەسلیمکردن و نەترسانە!

سامان بەخشینیش وایە. سەرەتا دەفەرمووێت هەموو مرۆڤێک ماڵ و سامانی خۆش دەوێت: ﴿وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلۡخَيۡرِ لَشَدِيدٌ ٨﴾ العاديات: ٨، واتا: «خۆشەویستیی سامان لەلای زۆر زۆرە»[1]. دوای ئەمە هەموو ڕێگاکانی هاندانی بەخشین دەگرێتە بەر:

- ببەخشن خۆ ئەوە موڵکی خوای گەورەیە پێی بەخشیون، ئێوە خاوەنی نین، موڵک هی خوای گەورەیە: ﴿وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ﴾ آل عمران: ١٨٩.

- ببەخشن ئێوە بریکارن لە ڕەفتارکردن بەم سامان و موڵکانەوە: ﴿وَأَنفِقُواْ مِمَّا جَعَلَكُم مُّسۡتَخۡلَفِينَ فِيهِۖ﴾ الحديد: ٧، ﴿وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣﴾ البقرة: ٣.

(١) ابن كثير، چاپی یەکبەرگی (دار المعرفة/لبنان)، چاپی ٤/ ساڵی ٢٠١٠. هەروەها شوكاني: فتح القدير (ب ٢ / ل ١٢٨٠).

- هانــدان به زۆریــی پاداشــت: ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّاْئَةُ حَبَّةٍۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾﴾ البقــــــرة: ٢٦١. ﴿وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَـَٔاتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٦٥﴾﴾ البقرة: ٢٦٥

- گلەیــی لە نەبەخشــین: ﴿هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ تُدْعَوْنَ لِتُنفِقُوا۟ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُۖ وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِۦۚ وَٱللَّهُ ٱلْغَنِيُّ وَأَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُۚ وَإِن تَتَوَلَّوْا۟ يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓا۟ أَمْثَٰلَكُم ﴿٣٨﴾﴾ محمد: ٣٨.

- ئینجا بە هەڕەشە و ترساندن بە سزای قیـامەت: ﴿وَٱلَّذِينَ يَكْنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٤﴾ يَوْمَ يُحْمَىٰ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْۖ هَٰذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنفُسِكُمْ فَذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ ﴿٣٥﴾﴾ التوبة: ٣٤ - ٣٥.

ئاوا بە پارسەنگیی هاندان و ترساندن، تا یاوەرانی گەیاندە لوتکەی جوامێری لە بەخشـیندا کە دەربارەیـان فەرمـووی: ﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌۚ﴾ الحشر: ٩. لە سـوڕەتی حەشردا بەرفراوان لێکدراوەتەوە (والحمدلله).

٤- لێرەشـدا دوای داڕشـتنی کەسـایەتیی مێـرد و بـاوک بەسـەر ئەو پارسـەنگی و گیـانی بەرپرسیارێتی و پابەندبوونی شەرعی و گوێڕایەڵی و ملکەچی و تەقواکارییەوە؛ داوای لێدەکات هەر بە ڕەفتار (گوفتار و کردار) چاک و چاکساز نەبێت؛ بەڵکو بە مـاڵ و سامانیشـی. کەمـت هەیە کەم ببەخشە، بەڵام نەفست لەسەر بەخشین ڕابهێنە. هەمیشـە ئەوەت لەبەرچـاو بێـت کە هەزاران و ملێونەها کەس هەن موحتاجی ئەو سامان و ماڵ و کەلوپەلە زیادەن کە تۆ بەکاریان ناهێنیت. نـاڵێم لە ئەفریقـا و بەنگلادیـش؛ هەر لەو کوردسـتان و لە شـار و گەڕەکـی خۆتانـدا سەدان موحتـاجی وا هەیە. فێـربە ببەخشـیت، فێـربە ڕێژەیەکـی داهـاتی مانگـانە و سـاڵانەت بەردەوام ببەخشیت. بۆ نموونە ٣٪ی داهات و دەسکەوتت، بەڵام خۆی پێـوە پابەنـد بـکە. جـا دەبینیت چۆن خوای گەورە دە قات دەیهێنێتەوە جێی. بەخوا قەسەم ئەمە حەقیقەتە.

- ﴿وَأَنفِقُواْ خَيۡرٗا لِّأَنفُسِكُمۡۗ﴾: ﴿خَيۡرٗا﴾ مەنسووبە، زمانەوانان کیسائی و فەڕڕاء (ڕەحمەتی خوایـان لـێ بێـت) دەفەرمـوون نـاوی بەراورد (اسـم تفضیل)ــە، واتـا (أخیـرٌ)، بەڵام لەبەر زۆربەکارهێنان هەمزەکەی لادراوە و (خیـر) مـاوەتەوە، واتـا بەخشـین باشـترە لە نەبەخشـین: (الإنفاق خیر لکم من الإمساك). بەڵام سیبەوەیهـ (رحـمه اللـه) دەفەرمووێـت: (مفعـول بە)ی کردارێکە کە تەقدیر دەکرێت بە (ائتوا خیراً لأنفسکم)، واتا بەخشین ئەنجام بدەن کە چـاکترە بۆتان.

- ﴿وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٦﴾:

ئەم بـڕگەیە لەم ئـایەتە پیـرۆزە کە ڕێسـایەکی گرنگـی خـاوەنێتی و بەخشـینە و حەتمەن دەگەیەنێتە سەرفرازی. لە ئایەتی ژمارە (٩)ی سوڕەتی حەشریشدا هاتووە، لەوێـدا بە تەفسـیل لێکدانەوەمان بۆ کردووە (والحمدلله)، وا نازانم پێویست بکات دووبارە بکرێتەوە.

ئایەتی حەڤدەیەم و هەژدەیەم:

﴿ إِن تُقۡرِضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا يُضَٰعِفۡهُ لَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ ١٧ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١٨ ﴾

واتا: «ئەگەر قەرزێکی باش بە خوای پەروەردگار بدەن بە تەئکید بۆتان چەندین بەرامبەر دەکاتەوە و لێشتان خۆش دەبێت، خوای گەورە زۆر سوپاستان دەکاتەوە لەسەری، واتا پاداشتی زۆرتان دەداتەوە، ئەوەش لە سیفەتی (حِلم)ی خۆیەوەیەتی کە نەرمونیانی و ئارامی و لێبوردەییە. خوای گەورە زانا و شارەزا و ئاگاداری جیهانی نادیار و دیارە، خوای گەورە دەسەڵاتداری بێ وێنە و دانایە کە هەموو شتێک بە گوێرەی شیاویێتیی کات و شوێن و پێدویستی؛ حاڵەت دروست دەکات و ئاڕاستەی دەکات».

- ﴿ إِن تُقۡرِضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا يُضَٰعِفۡهُ لَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ ﴾:

١- خوای گەورە لە هاوشێوەی ئەم ئایەتە لە شوێنی تری قورئاندا دەفەرموویت:

- ﴿ مَّن ذَا ٱلَّذِي يُقۡرِضُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥٓ أَضۡعَافٗا كَثِيرَةٗۚ ﴾ البقرة: ٢٤٥.

- ﴿ وَأَقۡرَضۡتُمُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَلَأُدۡخِلَنَّكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ ﴾ المائدة: ١٢.

- ﴿ مَّن ذَا ٱلَّذِي يُقۡرِضُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥ وَلَهُۥٓ أَجۡرٞ كَرِيمٞ ١١ ﴾ الحديد: ١١.

- ﴿ إِنَّ ٱلۡمُصَّدِّقِينَ وَٱلۡمُصَّدِّقَٰتِ وَأَقۡرَضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا يُضَٰعَفُ لَهُمۡ وَلَهُمۡ أَجۡرٞ كَرِيمٞ ١٨ ﴾ الحديد: ١٨.

٢- (قرض) بە مانای (قطع)ـە، واتا لێکردنەوەی بەشێک. بۆیە ئەو ئامێرەی کاغەزی پێ کون دەکرێت پێی دەوترێت (مقراضة). هەروەها بە نینۆکبڕیش دەوترێت (مقراضة)، چونکە نینۆک لێدەکاتەوە. بە قەرزیش وا وتراوە چونکە بڕێک لە پارە و سامانەکە جوێ دەکرێتەوە و دەدرێت بە داواکارەکە، بەو ئومێدەی دواتر بیهێنێتەوە.

خوای پەروەردگار بۆ هاندانی عەبدەکانی دەیانخاتە بەردەم واقیعێکی وەکوو واقیعی ژیانی خۆیان و دەفەرموویێت: بازرگانی لەگەڵ خوا دەکەن، پێی دەفرۆشن، قەرزی دەدەنێ، خوای گەورە لێیان دەکڕێت... وەهەروەها.

- ﴿إِن تُقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعِفْهُ لَكُمْ﴾.

- ﴿۞ إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَىٰ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ﴾ التوبة: ١١١.

- ﴿فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُم بِهِ﴾ التوبة: ١١١.

- ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿١٠﴾ ...وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ﴾ الصف: ١٠ - ١١.

- ﴿تِجَارَةً لَّن تَبُورَ ﴿٢٩﴾﴾ فاطر: ٢٩.

٣- ﴿قَرْضًا حَسَنًا﴾: واتا قەرزێک کە ناچاریی تێدا نەبوبێت و خالیسەن لەبەر خاتری خوای گەورە بەخشیبێتی. مەبەستیشی لێرەدا هەر چەندە ڕێسایەکی گشتییە، بەڵام لێرەدا بۆ بەخشین و مەسروفکێشانی ماڵ و منداڵ و خانەوادە و یارمەتیدانی کەسوکار و خزمانێتی. هەروەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموویێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ ۖ قُلْ مَا أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ...﴾ البقرة: ٢١٥. لە دوای دایک و باوکیش کەسی نزیک هاوسەر و منداڵەکانێتی، هەروەکوو کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ وێناکردنی مەسروفی ژن و ماڵی دەیفەرموو: (حتَّى اللُّقْمَةَ تَرْفَعُها في فِي امْرَأَتِكَ)[1]، واتا: ئەو پارووەش کە بەرزی ئەکەیتەوە و ئەیکەیت بە دەمی ژنەکەتەوە. چ بە حەقیقەت و لە خۆشەویستیدا بیکاتە دەمیەوە، چ وەکوو کینایە، مەبەست لە مەسروفکێشانی بێت لەگەڵ هێنانەدیی داخوازییەکانی.

٤- ریوایەت لەسەر ئەوە زۆرە کە ئایەتی یەکەمی (قرض الحسنة) کە لە سورەتی بەقەرەدایە، لەسەر یاوەر ئەبوددەحداحی ئەنساری (خوا لێی ڕازی بێت) هاتە خوارەوە، کە ئیبنو مەسعوود (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموویێت: کە ئەو ئایەتە: ﴿مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا

(١) بوخاری (٥٣٥٤)، ئەمە بەشێکە لە فەرموودەیەکی درێژ.

حَسَنًا﴾ البقرة: ٢٤٥ هاته خواره‌وه‌، ئه‌بودده‌حداحی ئه‌نساری عه‌رزی پێغه‌مبه‌ری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كرد: (يا رسولَ اللَّه، وإنَّ اللَّهَ عزَّ وجلَّ ليُريدُ منَّا القرضَ؟ قالَ: نعَم يا أبا الدَّحداحِ، قالَ أرِني يدَكَ يا رسولَ اللَّهِ، فَناولَه يدَه، قالَ: فإني قد أقرضتُ ربِّي عزَّ وجلَّ حائطي. قالَ ابنُ مسعودٍ: وحائطٌ لهُ فيهِ ستُّمائةِ نخلةٍ)[1]، واتا: «ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا، ئایا خوای گه‌وره قه‌رزی له ئێمه ده‌وێت؟ پێغه‌مبه‌ر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فه‌رمووی به‌ڵێ. ئه‌بودده‌حداح وتی ده‌ستی پاكتم بده‌رێ (تا ده‌ست بخاته ناو ده‌ستی و په‌یمانی بداتێ)، ئه‌وا من باخه‌كه‌مم به قه‌رز دایه خوای گه‌وره. ئیبنو مه‌سعود فه‌رمووی: باخه‌كه‌ی شه‌ش سه‌د دار خورمای تێدایه». له ڕیوایه‌ته‌كانی تردا ده‌فه‌رمووێت ناوی باخه‌كه‌ی (به‌یروحاء) بوو، كانیاوێكی سازگاریشی تێدابوو، كه زۆر جار پێغه‌مبه‌ری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ته‌شریفی ده‌برده ئه‌وێ و لێی ده‌خوارده‌وه‌. پاشان ئه‌بودده‌حداح چووه كه‌ناری باخه‌كه و بینیی وا ژنه‌كه‌ی كۆشێك میوه‌ی چنیوه‌، هاواری لێكرد: هۆ ئوم ده‌حداح، ئه‌م باخه‌م به قه‌رز داوه به خوای گه‌وره‌، ئه‌وه‌ی چنیوته دایبنێره‌وه‌، مافی ئێمه‌ی پێوه نه‌ماوه!

٥- ﴿يُضَٰعِفَهُۥ لَكُمۡ﴾: بۆتان چه‌ندین به‌رامبه‌ر ده‌كات. ئیبنو كه‌سیر و ئیبنو عامر و یه‌عقوب له قورئانه‌وانان به (يُضَعِّف)یش خوێندوویانه‌ته‌وه‌، كه ماناكه هه‌ر یه‌كه‌.

٦- ئه‌وه‌ی زۆر جێی سه‌رنجه له شوێنه‌كانی تری باسی (قرض الحسنة)دا له بواری ئاماده‌سازیی جیهاد دایه‌، به‌ڵام لێره‌دا له بواری به‌خشینی موسڵمانه به ماڵ و منداڵی خۆی و، سه‌رسوڕهێنیش ئه‌وه‌یه كه نافه‌رمووێت: (أضعافاً كثيرة)، كه‌چی له‌و گرنگتر ده‌فه‌رمووێت: (يغفر لكم)، به‌ڕاستی هاندانێكی گرنگ و كاریگه‌ره‌. چ موسڵمانێك هه‌یه ئا ئه‌مه بزانێت و ده‌ست له مه‌سروفی ماڵ و منداڵی بگرێته‌وه‌؟! كێ هه‌یه ئا ئه‌مه‌ی لا حه‌قیقه‌تی عه‌قائیدیی به‌ڵگه‌نه‌ویست بێت و یه‌كسه‌ر نه‌ڵێت: هه‌ی به‌سه‌ر چاو و سه‌ر و ڕۆح؟ ئه‌وا وا ده‌به‌خشم كه خوای گه‌وره پێیخۆش بێت.

٦- ده‌رباره‌ی به‌خشینی گشتی، پێغه‌مبه‌ری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ده‌فه‌رمووێت: (الصَّدقةُ

---

(١) به‌ززار (٢٠٣٣)، ئه‌بو یه‌علا (٤٩٨٦)، هه‌روه‌ها به‌یهه‌قی له (شعب الإيمان) (٣٤٥٢) به كه‌مێك جیاوازییه‌وه‌.

تُطْفِئُ الخَطيئةَ كما يُطْفِئُ الماءُ النَّارَ)[1]، واتا: خێر و خێراتکردن و بەخشین گوناح دەپوکێنێتەوە، هەروەکوو کە ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە.

- ﴿وَٱللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ ١٧﴾:

- ﴿شَكُورٌ﴾: واتا زۆر سوپاسی عەبدەکانی دەکات. (سبحان الله) لەو لوتف و میهرەبانییە. واتا هانیان دەدات تا ببەخشن، کە بەخشیان خوای گەورە مەدحی کارەکەیان دەکات و پاداشتیان دەداتەوە.

- ﴿حَلِيمٌ﴾: بە سەبرە، پەلە لە سزا ناکات، ئاوا دەیەوێت مێرد و باوکەکانیش فێربکات کە با ژن و منداڵیش هەڵوێستی دوژمنداریێتیان بەرامبەری لێ دەربکەوێت، نەکات زوو سزایان بدات. با لە خوای گەورەوە فێری سینەفراوانی و سەبرگرتن ببێت. (سبحان الله)، ئاوا خوای گەورە بەم ئاڕاستە ڕەسەنەی کە لەگەڵ ناخ و ڕەفتاری مرۆڤی پارسەنگدا یەکدەگرێتەوە؛ ئاڕاستەی خێزانەکان دەکات تا بپارێزرێت و هەڵنەوەشێت.

- ﴿عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ١٨﴾:

لە لێکدانەوەی ئایەتی (٢٢)ی سوڕەتی حەشردا بە تەفسیل باسی (عالم الغیب والشهادة) و باسی (العزیز الحکیم)یشمان کردووە (والحمدالله). بەڵام شێخی شەنقیتی (رحمه الله) خاڵێکی جوان لێرەدا وەبیر دەهێنێتەوە، دەفەرمووێت: ئەم ئایەتە کە ئاوا کۆتاکەی بە سیفەتی خوای گەورە هاتووە، سیفەتیش بەردەوامی و نەگۆڕێتییە، ئەو هەستە لە ناخدا دەبزوێنێت کە ئاگاداربن، ئەوی موراقەبەی بارودۆخی خێزان و لەنگەرگرتنی پارسەنگانەی دەکات؛ خوای زانا و دانا و بە دەسەڵاتە، بۆیە دەبێت هەردوو هاوسەر و منداڵە گەورەکانیش هەست بە بەرپرسێتیی خێزانەکە بکەن و لە شیرازەپسانی بیپارێزن، ئەمەش لە نێوان خۆیان و خوای گەورەدا شاراوە نابێت، ئەگەرچی لە نێوان هاوسەرەکان و کەسوکار و خزمان و دەرودراوسێ و

---

(١) ترمذی (٢٦١٦)، ئیبنو ماجه (٣٩٧٣)، نەسائی لە (السنن الکبری) (١١٣٣٠)، ئەحمەد (٢٢٠٦٩). ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە (هدایة الرواة) (٢٩٣/٢) ئەفەرموویێت حەسەنە، شێخی ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە.

دۆستانیاندا دەشێت شاراوەبێت. بۆیە دەبێت هەردوو هاوسەر تەقوای خوایان لەدڵدا بێت و نەهێڵن کەژاوەکەیان تێک بچێت کە مایەی ئارامی و هێمنی و ئەمانی خۆیان و باوەشی پڕ سۆز و میهرە بۆ منداڵەکانیان.

خوای گەورە خێزانەکانمان لە شیرازەپسان بپارێزێت.. ئامین

کۆتایی والحمدلله رب العالمین

ڕۆژی بیست و سێیەمی ڕەمەزانی (١٤٣٥) و، کاتژمێر (٢٢:١٠) دە و دە دەقیقەی ئێوارەیە و چەند خولەکێک ماوە بۆ بەربانگ، دوای ڕۆژوویەکی نۆزدە سەعات و نیوی. خوای گەورە نوێژ و ڕۆژوو دوعاکانمان لێ قبوڵ بکات، ئامین. سەیرە کە پلەی گەرماش (٣٠) پلەیە! ئەوە لەم وڵاتە دەگمەنە.

٢٠١٤/٧/٢١

زیندانی کۆنگس ڤینگەری نەرویج

تەفسیری ئەم سوڕەتە چوار ڕۆژی ویست، والحمدلله تەواو بوو

ناوەڕۆک



زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی